سوڕدەمێنێ لە پەیوەندی تۆو چێنەر". کاتێ دەمپرسی بۆ؟ دەیگوت" پێتنالێم..!" زۆر سەیر بوو، بەردەوام سەیری دەکردمو قسەکانی گۆڕابوونو باسی چێنەری هەر نەدەکرد، من بەمە زۆر ناڕەحەت بووم لەلایەکەوە تەلەفۆن نەکردنی چێنەر کە دوومانگو دە ڕۆژ دەبوو، ڕۆژێك گوتم " کاك حەیدەر بۆچی چێنەر تەلەفۆن ناکات خۆ من هەڵەیەکم نەکردووە؟!" ئەویش گوتی﴿ نا، شتی وانییە تۆ چۆن هەڵە دەکەی، بەڵام لەوانەیە ئەو تۆی لەبیر کردبێ..!﴾ دەستمکرد بە قسەو گوتم" شتی وانییە"بەڵام گەر بە ئەرکی نازانی تۆ تەلەفۆنی بۆ بکە. گوتی باشە بەڵام با بڕۆمەوە ماڵ بەیانی، بەڵام کاتێك بەیانی هاتەوە گوتی" من ناڵێم تۆی لەبیر کردووە بەڵکو ئەو مۆبایلەکەی فرۆشتووەو تەلەفۆنیش ناکات"، دەستمکرد بە گریانو تەلەفۆنم بۆ ماڵی چێنەر کرد، بۆ بەدبەختی من دایکی ئاگاداری ئەم مەسەلە نەبوو، خوشکەکەشی کە جارجار یارمەتی دەدام بۆ پەیوەندیکردن بە چێنەرەوە شوی کرد بە پیاوێکی خەڵکی ئێرانو لەگەڵ خۆیدا بردبووی، کاتێك ئەمەم بیست زیاتر بڕوام بە قسەی حەیدەر کرد، ئەگینا بۆچی خوشکەکەی باسی نەدەکرد، زۆر سەخت بوو لەوانەکانم دەرنەچووم، حەیدەریش ڕۆژ بەرۆژ زیاتر هەڵوێستو قسەی سەیری هەبوو، من لەچەند شتێك تێگەیشتبووم، بەڵام هەرگیز نەدەچوو بە عەقڵمدا کە حەیدەر لەدەستی بێت ئەم ئیشە بکات.

زۆر خەمبار دەبووم، نەمدەزانی چۆن تەلەفۆن بۆ چێنەر بکەم، ڕۆژێك بە هاوڕێکەمم گوت تەلەفۆن بۆ ماڵی چێنەر بکاتو بەدایکی چێنەر بڵێ من موشتەریەکی ئەوم جارێك پێمگوتبوو جانتایەکم بۆ بێنێ ئێستاش دووکانەکەی داخراوەو کەی دێتەوە چی دەکات. هاوڕێکەم گوتی" نیازی وایە ژن بهێنێ" کاتێك ئەمەم بیست لە جوڵە کەوتم، بڕوام نەدەکردو دەمگوت حەیدەر تەلەفۆن بۆ چێنەر بکە بزانە وایە؟ ئەویش دەیگوت" ژمارەی تەلەفۆنی ئەوم لا نییە، دایکە پیرەکەشی هیچ نازانێ". منیش نەمدەزانی ڕوو لەکوێ بکەم، مەسەلەی حەیدەرم هەر لەبیر چووبۆوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەیر بوو ڕۆژێك کچێك بە ژمارەیەکی نەناسراو تەلەفۆنی کردوو دەستی بەقسە کردن کرد" پەروین بەیانی کوڕێك لە خوێندنگە داوای خۆشەویستیت لێ دەکات تۆش ڕازی ببە". بە خودا تاقەتی بیستنی ئەو جۆرە قسانەم نەبوو دامخستەوە کاتێك بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، زۆر ناڕەحەت دەبوومو دەمگوت خودایە تۆ بڵێی ئەم کوڕە کێ بێ، تۆ بڵێی چێنەر نەبێ؟ هەزارو یەك بیرکردنەوە، بەیانی کە چوومە خوێندنگە، وانەی یەکەمم وەرزش بوو، چوومە باخچەی خوێندنگەو بەتەنیا وەستام، حەیدەر هاتو بە بەرگێکی نوێ خۆی جوان کردبوو، دەستی کرد بە قسەو لە نیوەی بۆم دەرکەوت کە هەمان کوڕەی شەوە کە گوتیان قسەت لەگەڵ دەکات. بڕوام نەدەکرد من هێشتا لە کێشەیەك نەهاتومەتەدەر جا نۆبەی حەیدەریش بێت، لێی تورە بوومو چوومەوە پۆل ئەویش بەدوام کەوت. قوتابیەکان سەیریان دەکردین، منیش بەسەرخۆم نەهێنا، ناچار بۆ ئەوەی قوتابیەکان هەستی پێنەکەن قسەم لەگەڵ کرد، ڕاستیەکەی من زۆر پێویستیم بەقەسکردن هەبوو لەگەڵیدا تا تێی بگەیەنم، کە چۆن ئەم خیانەتە بە هاوڕێی خۆی دەکات، کە بە حسابی چێنەر منی بۆ حەیدەر بەجێ هێشتبوو، کە باسی ئەمەم دەکرد دەیگوت"کام چێنەر ئەوەی خیانەتی بەتۆ کرد" قسەیەك لەمن قسەیەك لە ئەو هەر ڕۆژێك هەر قسەمان دەکرد لەکاتی پێشوەکاندا، زۆر گوتم" کاك حەیدەر، چێنەر بەمە بزانێ کێشەت بۆ درووست دەبێ، با ئەو وازی لێهێنابم تۆ چۆن دەبێ ئەو کارە بکەی؟!". بەڵام ئەو هەر سوربوو لە سەر قسەی خۆی بەردەوام دەیگوت ﴿ هیچ لەگەڵ کاری دڵ ناکرێ، کەسیش بە دوو پارو ناخنکێ﴾. ئەو هاوڕێیەی کە گوتم تەلەفۆن بۆ ماڵی چێنەر بکە خوشکی حەیدەر بوو، بەمە تۆزێك دڵم خۆش بوو گوتم، هەڵبەتە حەیدەر پێی گوتووە کە بەمن بڵێ دایکی چێنەر گوتوویەتی، چێنەر ژن دەهێنێ. ڕۆژێك من بە حەیدەرم گوت" بەڕاستی ئەو تەلەفۆنەکەی فرۆشتووە یان تۆ لە خۆڕا ئەمە دەڵێی؟"ئەویش گوتی.. ناچار نیم درۆبکەم، ئەوە ژمارەکەی فەرموو تەلەفۆن بکە، بەڵام من بەچی تەلەفۆن بکەم خۆ مۆبایلم نەبوو، ناچار چاوەڕوانی دەنگو باسی چێنەر بووم زیاتر لە سێ مانگی خایاند، لەگەڵ ئەوەشدا بەندەر ڕۆژ بەرۆژ پێداگرتردەبوو لەسەر قسەکانیو تا ڕۆژێك زۆرم خۆ لێی تورەکردو پێمگوت کە بە هەرکەسێکدا بێ ئەم قسانە بە چێنەر دەگەیەنم کە تۆ چ ناماقوڵیەکت کردووە، بەڵام ئەو هەرگیز گوێ بەم قسانە نەدەدا. لە دڵی خۆمدا دەمگوت خودایە حەیدەر چۆن دەتوانێ خیانەت بە برادەری گیانی بەگیانی خۆی بکات؟! یان بۆچی چێنەر تەلەفۆن ناکات.. بەم حاڵەوە نە شەوم شەو بوو نە ڕۆژم ڕۆژ، هەمیشە دەگریام. بەڵام ڕۆژێك بۆمن سودفەیەکی زۆر سەیر بوو، لە سەر ڕێگەی خوێندنگە کوڕیك هاتە پێشمو گوتی" تۆ پەروین خانی؟" گوتم بەڵێ..گوتی" من لە ئێران لەگەڵ چێنەر بووم"... کاتێك ئەمەی گوت من لەخۆشیان شاگەشکە بووم..لە خۆشیاندا پێمگوت با کەس لێرە نەمان بینێ ئێرە بۆ وەستان جوان نییە، ئەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەی ماڵەوەمان پاش کەمێکی دی تەلەفۆن بکە من وا دەچمەوە ماڵەوە..

کە گەیشتمەوە ماڵەوە من یەکسەر لە بن تەلەفۆنەکە دانیشتم تا تەلەفۆنی کردو دەستی بەقسەکردن کردوو گوتی" چێنەر زۆر هەوڵی تۆی دەپرسی، ماوەیەك لە نەخۆشخانە بوو تەندروستی باش نەبوو بۆیە نەیتوانیوە تەلەفۆنت بۆ بکات"...منیش پرسیم ڕاستە دەڵێن نیازی وایە ژن بهێنێ؟ ئەویش گوتی"ژنهێنانی چی ئەو جگە لە تۆ کەسی ناوێت". منیش پرسیم دەکرێ تەلەفۆنەکەی خۆتم بدەیتێ تا تەلەفۆنی لەگەڵ بکەم، ئەویش بە خۆشحاڵیەوە ڕەزامەندی نواندو بۆ بەیانی لە قوتابخانە تەلەفۆنم لەگەڵ چێنەر کرد، بە قسەکردن لەگەل ئەو دوای ئەو هەموو ماوەیە من زۆر خۆشحاڵ بووم. من دەمویست قسەکانی حەیدەری بۆ باس بکەم بەڵام نەمدەزانی چۆن.. باش بوو خۆی گوتی سەلام لە حەیدەر بکەو پێی بڵێ بۆچی تەلەفۆنەکەی هەڵناگرێ؟!کە ئەمەی گوت، ڕاستەوخۆ هەموو مەسەلەکەم بۆ باس کردو تەنانەت خوشکی حەیدەریش لە ژێر فشاری حەیدەر ئەم درۆیانەی لەگەڵ کردبووم، ئەو بڕوای بەو قسانە نەدەکرد خەریك بوو لە خەفەتان شێت ببێ، بۆیە گوتی من تا دوو هەفتەی دی دەگەمەوە کوردستان. دواتر زۆر ترسام لەوەی لە ئەنجامی ئەو قسانەی من لەگەڵ حەیدەر ببێت بەشەڕیانو پەشیمان بوبوومەوە لە پێگوتنی، بڕوا بکەن تا دوو هەفتە لە جێگەدا کەوتم..

چێنەر گەڕایەوە کوردستانو بەر لە هەموو شتێك منی بینی، لێی دەپاڕامەوە پێم دەگوت کە لەگەڵ حەیدەر شەڕ نەکات، ئەویش گوتی لەبەر خاتری تۆ تەنها پێی دەڵێم نەدەبوو ئەو ئیشە بکەی، چونکە ئێمە هاوڕێ بووین.. بەم قسانەی دڵی منیش ئیسراحەتی کرد.. بەڵام نەمزانی ئەو ڕۆژە بۆ شەوەکەی لای ماڵی حەیدەر کە نزیك ماڵی ئێمە بوو لەگەل چێنەر یەکتری دەبینەنو لێیان دەبێت بە دەمەقاڵێو شەڕ، شەڕێکی زۆر گەورە، دەنگیان دەگەیشتە ماڵی ئێمە، براکانمو ئامۆزاکانم بە دەم دەنگەکەوە دەچن بۆ ناوبژیوانی کردنیان، حەیدەریش قسەی سوك زۆر دەکاتو براو ئامۆزاکانم بەمە دەزاننو ڕاستەوخۆ دەچنە لای باوکمو پێی دەڵێن کە ئەم شەڕە لەسەر کچەکەتە.. ئەو شەوە درەنگە باوکمو براکانم زۆریان لێدامو هەڕەشەی ئەوەیان لێکردم کە نابێ بچیەوە قوتابخانەو لە بەیانی زووتر نییە کە بە شووت دەدەین.. بەم شێوەیە حەیدەر ژیانو داهاتووی منی تێکدا، چێنەر لەو شەڕەدا بریندار دەبێتو کەسو کارم هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەن گەر بەلای مندا بێتەوە، ناچار ئەو دەچێتەوە ئێرانو ژیانی منیش یەکپارچە بوو بە دۆزەخو دوا ڕۆژی منی بەیەکجاری تێکدا.

**تێبینی: ئێستا ئەم کچە شوی کردووە بە پیاوێك لە یەکێك لە لادێکانو کوڕەکەش لە ئێرانە.**




**هەڤپەیڤین :گەرمیانی حەمەی پوور**

**بوونی دوو گروپی سیاسی بەناوی بزووتنەوە دیموکراسیخوازانی کوردستان لەیەك کاتو یەك هەرێمو بەیەك ناوو دوو بەرنامەی جیاواز تا ئێستا جێگەی پرسیاری خەڵکەو، ئێمەش سەبارەت بەو پرسەو چەند لایەنێکی دیکەی دوو کەرتبوونی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان دیدارێك لەگەڵ حاجی مەلا سەعید سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان باڵی هەولێر ساز دەکەین بەڵام ئەو لەسەرەتای دیدارەکەوە پێی گووتین "سەرەتا سوپاستان دەکەم، بەڵام پێمخۆش نیە زۆر رامکێشنە سەر ئەو باسانەی کە قسەکردن بێت لەسەر ئەو برادەرانە. یەکەم لەبەر ئەوەی ئێمە بڕیارێکمان هەیە کە وەڵامی هیچ قسەو قسەڵۆکێك نەدەینەوەو خۆمان بەو کێشە لاوەکیانەوە خەریك نەکەین، دووەمیش خزمەت بە قەزیەکەمان ناگەیەنێت بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام ئەگەر پرسیارەکانتان لە خانەی مەسەلە فکریەکان بێت لەسەر هۆی ئەو کێشانەی کە رووبەرووی دیموکراسیخوازان بوونەتەوە ئەمە مەسەلەیەکی ترە".**

زنار: کاك حاجی مەلا ئێوە واتە بزوتنەوەی دیموکرسیخوازانی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵدا دوو کەرت بوون دەکرێت بەشێوەیەکی شەفاف هۆکاری ئەو دوو کەرت بوونەمان بۆ ڕوونبکەنەوە؟.

حاجی مەلا: ئاشکرایە کە بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان وەك رەوتێکی دیموکراسی ئۆپۆزسیۆن لەدوای دروستبوونی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دامەزراوە، واتە لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی شارستانیو دیموکراتیانە بەپێی یاسا بابەتیەتی خۆی لە رەوتێکی وادا بینیەوە. ئەمەش لە پێناو بەرەوپێش بردنی دیموکراتیو هەنگاونان بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیارە عەقلیەتی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانو دروستبوونی شەڕی ناوخۆ ئاستەنگی گەورەی لەبەردەم ئەم رەوتە دروستکردو تەنانەت ژیانی سیاسیو حزبایەتی لەم وڵاتە شێواند. بۆیە بزوتنەوەی

ديموكراسيخوازان له مێژووی خەباتی ديموكراتيانەيدا چەند جاری تريش كێشەی لەم جۆرەی بۆ دروستكراوەو رووبەرووی بۆتەوە، دياره ئەم كێشەيەی ئەم دواييه لەو شێوەيه سەرچاوەی گرت كه بزوتنەوەی ديموكراسيخوازان وەك رەوتێكی ئۆپۆزسيۆن كاری دەكردو هەڵوێستی وەردەگرت، بەهۆی ئەم بارودۆخه نائاساييەی ژيانی حزبايەتی هەندێ كەس خزاونەته ناو كاری سياسی كه هيچ پەيوەنديەكی به دونيای سياسەتەوە نيه. بەڵكو حزبايەتی وەك وەزيفه سەير دەكەن‌و دەيانەوێ حزب ببێته سەرچاوەيەكی بژێويان. دياره له ئەنجامدا ئەم دوو جۆر بيركردنەوه كێشه دروست بوو. كه ئايا ئێمه دەست بەرداری ئەم بەرنامەيه ببين كه شەرعيەتی حزب بوونمان دەدا، ياخود بێدەنگی لەهەموو مەسەلەيەك بكەين لەبەرخاتری ئەوەی جەند كەسێك مووچه وەردەگرن، دياره بزوتنەوەی ديموكراسيخوازان پێش پێنج ساڵ بودجەيەكی هەبوو بەبێ هيچ هۆيەك بڕيان. دوای هەوڵێكی زۆرو تا ئێستاش هەر نەيانگەڕاندۆتەوه. دواتر چوار مليۆن دينارمان وەك يارمەتی له پەيوەنديەكانی يەكێتی نيشتمانی وەردەگرت، له مانگی حوزەيرانەوه ئەمەشيان بەبێ هيچ هۆيەك راگرت، له دەرەنجامی ئەم گەمارۆيه هەندێ لەبرادەران رايان وابوو كه دەبێ دەست بەرداری گوتاری ئۆپۆزسيۆن بوونمان ببين لەپێناو گەڕانەوەی ئەم يارمەتيه، ئەمەو چەند هۆێكی تريش كه هەر پەيوەندی بەم شێوه بيركردنەوه هەبوو، هەندێ له هاوڕێيانی تريش پێيان وابوو كه ئەم شێوه حزبايەتيه نه خزمەت بەخۆمان دەكات نه به پرۆسه ديمەكراتيەكەی، له دەرەنجام ئەم كەرتبوونەی لێكەوتەوه.

زنار: پێش دوو كەرت بونتان ئێوه ناوی حزبەكەتان له بزوتنەوەی ديموكرسيخوازانەوه گۆڕدرا بۆ حزبی ديموكراسيخوزان‌و بۆ ماوەيەك هەر بەوناوه هەردوو باڵەكە بەياننامەتان بلاو دەكردەوە، بەلام دوای كۆنفرانسی باڵی هەولێر ئێوه بونەوه به بزووتنەوەی ديموكراسيخوازان‌و برادەرانی سلێمانيش هەمان ناويان بۆ خۆيان هەڵبژادەوه، دەكرێ بزانين ئێستا كامتان بزوتنەوه ڕاستەقينەكەن؟.

حاجی مەلا: بەڵێ بزتنەوەی ديموكراسيخوازان له كۆنگرەی ٢ كه له مانگی ١١/ ٢٠٠٦ بەسترا ناوی خۆی كۆڕی بۆ حزبی ديموكراتخوازان، بۆ ئەم مەبەستەش بەنووسراوی رەسمی وەزارەتی ناوخۆی ئاگادار كردبۆوه، وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەنجومەنی بەرز كردبۆوه، بەلام نووسراوەكه بەدواداچوونی بۆ نەكرابوو فەرمانی وەزاری بەم ناوه دەرنەچووبوو. دوای ئەوەی كاك سامان عەلاو ئەو برادەرانه بەناو كۆنفرانسێكيان گرت‌و ٢٨/٩/٢٠٠٧ رايانگەياند كه هەر بەناوی حزبی دموكراسيخوازان بەردەوام دەبن ئێمه بۆ رێكخستنەوه له ٢٦/١٠/٢٠٠٧ مانگێك دوای ئەوان كۆنفرانسێكمان بەست به ئاگاداربوونی حكومەت‌و ئامادەبوونی دادوەر. لەم كۆنفرانسەدا ناوی خۆمان گەراندەوه بۆ (بزوتنەوه) دياره لەدوای ئەوەی كه ئێمه ناوی خۆمان كردەوه بزوتنەوه ئەو برادەرانه له ٢٨/١٠ دوو رۆژ دوای كۆنفرانسەكەی ئێمه بەياننامەيەكيان لەسەر كۆنفرانسەكه بلاوكردەوه، جگه له كۆمەلێك قسەی ناشرين‌و بازاڕی جەختيش لەوه دەكەنەوه كه ئەوان هەر بەناوی حزب كار دەكەن، كەچی لەپڕ له ١٠/١١ له بەياننامەيەك رايدەگەيەنن كه ئەوانيش له كۆبوونەوەی سەركردايەتی ناوی خۆيان كردوەتەوه به بزوتنەوه. دياره بەپێی هەموو بەڵگەكان مۆڵەتی بزووتنەوەو ناوی بزووتنەوه ئێمه خاوەنين، لەبەرئەوەی: ١- لەكۆنفرانس ناوی خۆمان گۆڕيبۆوه كه ئەمەش بەپێی پەيڕەوی ناوخۆی خۆمان ناوگۆڕين تەنها له دەسەلاتی كۆنگرەو كۆنفرانسه نەك وەك ئەوەی ئەوان له سەركردايەتی كردويانه. ٢- ئێمه به ١٤ رۆژ پێش ئەوان ناوی خۆمان گۆڕيوەو له هەمان كاتيش به نووسراوی رەسمی ئەنجوومەنی وەزيران‌و وەزارەتی ناوخۆمان ئاگادار كردۆتەوه، بۆيه ئەم ناوگۆڕينەی ئەوان تەنها بۆ كێشه دروستكردنه بۆ ئێمەو بێ بەهاكردنی حيزبايەتييەو نەشارەزايی ئەوان دەردەخات له كاری حيزبايەتی.

زنار: ئێوه لەسەرەتاوه ڕاتان گەياند كەلايەنێك دەستی لەو دوولەت بونەدا هەيه ئەوه ڕاسته؟بەڵگەتان چييه؟.

حاجی مەلا: من لەو كۆبوونەوەيه بەشدارنەبووم كه ئەم دووكەرتبوونەی لێدرووستبوو، بەلام بەپێی قسەی برادەران هەندێ لەو برادەرانه بەزمانی مەكتەبی پەيوەندييەكان راشكاوانه گوتويانه، كه يەكێتی چەند داواكارييەكی له ئێمه هەيه، تاكو جێبەجێيان نەكەين يارمەتيەكەمان بۆ ناگەڕێننەوه، يەك له داواكاريەكانيش گۆڕينی سكرتێر بووه، دوای درووستبوونی كێشەكانيش بەبێ گوێگرتن لەهەردوولا هەر زوو يارمەتيەكەيان بۆ ئەوان گەڕاندەوه، ئێمه نەمان گوتووه ئەمه بڕيارێكی ناوەندی بووه، بەلام دەبوو تاكو كێشەكان ساغ دەبنەوه بەم شێوەيه مامەڵه نەكەن، لەبەرئەوەی كەرتبوونەكه نيوه به نيوه بوو.

زنار: ئێستا كام لەم دووباڵه هەڵگری ئەو پەيامەيه كه بزوتنەوەی ديموكراسيخوازان لەسەرەتای دامەزراندنيەوه ئامانجی بووه؟.

حاجی مەلا: رەنگه له وەلامی پرسيارەكانی پێشوو هەندێ شتت دەست كەوتبێ، بەلام دەڵێن ئەگەر بزووتنەوەی ديموكراسيخوازان لەبەرنامەكەيدا نووسيبێتی تێدەكۆشين له پێناو دابينكردنی موچەيەكی باش بۆ كاديرو ئەندامانی سەركردايەتی بزووتنەوه ئەوه شەرعيەت لای ئەوانه. حيزبی سياسی دەبێ ئيرادەی لەدەست خۆی بێت، ئەگەر سەربەخۆيی سياسی خۆی دۆڕاند مانايەكی بۆ مانەوەو بوونی نامێنێ.

زنار: كاك حاجی برادەرانی سلێمانيتان پێش ئێوه كۆنفرانسيان بەست‌و سكرتێری نوێيان هەڵبژاردو ئێوەش بەماوەيەك دوای ئەوان بەهەمان شێوه كۆنفرانستان بەست‌و سكرتێرتان هەڵبژاردووه،دەتوانين بڵێين كام لەم دوو كۆنفرانسه شەرعيەو بۆچی؟.

حاجی مەلا: يەك له سيماكانی ديموكراتی بوون، فرەحيزبييه، ئێمه بۆ ناوی خۆمان له حيزبەوه كردەوه به بزووتنەوه، بۆئەوەی: ١- له رووی ياساييەوه دوو حيزب نابێ بەيەك ناو هەبن. ٢- بۆئەوەی سەر له خەڵك نەشێوێنين‌و حيزبايەتی هێندەی تر ناشيرين نەكەين. ٣- بۆئەوەی كه نەمانتوانی لەيەك چوارچێوەدا كاربكەين، بەڵكو له دوو ناوی جيادا دۆستی يەكتر بين، بەلام بەداخەوه ئەوان بيركردنەوەيان وانەبوو، دەبوو ئەوان دەست خۆشانەيان لەو ناو گۆڕينەی ئێمه بكردايه، كۆنفرانسەكەی ئەوان يەكەم: له رووی ياساييەوه بەپێی ياسای حيزبەكان دەبێ نوێنەری حكومەت‌و دادوەر ئامادە بێ، له ماوەی كەمتر لەمانگێكيش ئەنجوومەنی وەزيران له دەرەنجامی كۆنفرانس يان كۆنگره ئاگادار بكەنەوه كه ئەوان هيچيان لەمانه نەكردووەو لەهەمان كاتيشدا نەيانتوانيوە هەڵبژاردن بۆ سەركردايەتی بكەنەوه، بۆيه دەتوانم بڵێم ئەمه پێی دەڵێن كۆبوونەوەی بەرين نەك كۆنفرانس. كۆنفرانسەكەی ئێمه هەموو لايەنه ياساييەكانی بۆ لەبەرچاو گيرابوو لەهەمان كاتيش سەركردايەتييەكی تازەمان هەڵبژاردەوه، بۆيه بەپێی رێنماييه ياساييەكانی حيزبەكان‌و بەپێی پەيڕەوی ناوخۆيی خۆشمان ئەو كۆنفرانسەی ئەوان هيچ شەرعيەتێكی نييه.

زنار: مامۆستا بەهادين نوری كه دامەزرێنەری بزوتنەوەی ديموكراسيخوازان بوو ئێستا كام لەم دووباڵه بەشەرعی دەزانێت، لەهيچ كۆنفرانسێك لەو دوو كۆنفرانسه ئامادە نەبوو؟.

حاجی مەلا: مامۆستا بەهائەدين ميری تێكۆشەرێكی دياری گۆڕەپانی خەباتی سياسی كوردستان‌و عێراقەو دامەزرێنەری ئەم بزووتنەوەيەشەو بۆماوەی (١٠) ساڵيش سكرتێر بووه، مامۆستا بەهائەدين زۆرجاری تر له مێژووی خەباتی بزووتنەوەی ديموكراسيخوازان دووچاری ئاستەنگ‌و ناخۆشی بووه، لەسەر ئەوەی نەيويستووه بزووتنەوه ببێته ناوەندێكی مووچەخۆری‌و سەربەخۆيی سياسی خۆی لەدەست بدات، ئێمه بۆ زۆر شت پرس‌و رامان به مامۆستا بەهائەدين كردووەو نيگەرانه بەوەی له

دیموکراسیخوازان درووستبوو، بەداخەوە ئێستا باری تەندرووستی ڕێگەی پێنادا بەشداری هیچ کۆنفڕانسێك بێت، بەڵام بە برووسکە بەشداری لە کۆنفرانسەکەی ئێمە کردو، جگە لە نیگەرانی نیشاندان لەم بارودۆخەی ئێستا دروستبووە هیوای سەرکەوتنی بۆ دیموکراسیخوازان خواست.

زنار: برادەرنی سلێمانی پێیان وایە کە تۆ کەسێکی لەدەرەوەی دیموکراسیخوزانو کاك شوکرەڵڵا حەمەدەمین سکرتێری پێشوو ئێوەی بەسەر دیموکراسیخوازندا سەپاند ئێوە چی دەڵێن؟.

حاجی مەلا: من دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەم لە دوای گەڕانەوەم لە دەرەوەی وڵات، لە کۆنفڕانسی سێهەم کە لە (١٦-١٠-٢٠٠٣) بەسترا، بەشداریم کرد، بەڵام لەبەر باری تەندرووستیم ئەوکات خۆم کاندید نەکردەوە لەو کۆنفڕانسە بەندێك بۆ پەیڕەوی ناوخۆیی زیادکرا، ئەویش بوونی ئەنجوومەنی راوێژکاری بوو، من لەو ئەنجوومەنە راوێژکارییە بووم‌و چەندجار برادەران راوێژیان پێکردووم من بۆخۆم کە بینیم خەتەرێك لەسەر دیموکراسیخوازانە نەکرا هەر تەماشاکەر بم. سەرەتا زۆر هەوڵمدا هەردوو باڵ یەك بخەمەوە، بەڵام نەکرا، چونکە برادەرانی تر یەکرا نەبوون، باشە من ئەگەر کەسێك بم لە دەرەوەرا هاتبم خۆ لەم دواییانە چەند پێشنیارێك لەلای ئەوانە هەبوو بۆ یەکخستنەوە، لەهەموو پێشنیارەکان رایان وابوو هەر من سکرتێر بم کە دوایی دیسان لەبەر جیاوازی نێوان خۆیان نەکرا.

زنار: دەکرێت پێمان بڵێیت کە ئێستا زۆرینەی دیموکراسیخوازان لەگەڵ کام باڵەن، ئایا ڕاستە لەکاتی دوولەت بووندا تەنها کاك شوکرەڵڵاو یەك کەسی تر لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە گەڵی بوون؟

حاجی مەلا: دیارە سەرەتای کەرتبوونەکە کە کەشی کۆبوونەوەکە تێکچووە هاوڕێ شوکراللە کە چۆتە دەرەوە لەگەڵ سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و دوو ئەندامی سەرکردایەتی کۆبوونەوەیان جێهێشتووە کە دەکاتە نیوە بەنیوەی ڕێك، بەڵام دوایی بەهۆی بارودۆخی ژیان کە پارمەتیەکە بۆ ئەوان گەڕایەوە برادەرێك گەڕایەوە لای ئەوان. دەتوانم بڵێم مەسەلە ماددیەکە پەیوەندی لەسەر شێوازی پەرتبوونەکە هەیە، ئەگەر نا ئێستاش بەشێوەیەکی تر دەکەوێتەوە.

زنار: ئەوەی ئێستا جێگەی ئەوەی پرسیاری خەڵکە بوونی دوو بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستانە تۆ چۆن دەیسەلمێنی کە یەك بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان هەیە. یان بەنیاز نین ناوی بزوتنەوەکەتان بگۆڕن.

حاجی مەلا: ئەمەیان بۆ ئایندە لێدەگەڕێین، کەکاممان هەڵگری پەیامی دیموکراسیخوازانین، چونکە بەرنامەکەی دیموکراسیخوازان روون‌و ئاشکرایە کەچییەو چی دەوێ. نەخێر، ئێمە ناوی خۆمان ناگۆڕین، چونکە بە شێوەیەکی یاسایی ناوی خۆمان گۆڕیوە.

زنار: ئێوە لە یەکێتی‌و پارتیش پارە وەرناگرن، بەڵام دەتوانیت پێمان بڵێی سەرچاوەی داریتان کوێیە؟

حاجی مەلا: ئێمە بەشێوەیەکی رەسمی هیچ سەرچاوەیەکی داراییمان نییە داوا دەکەین وەك حیزبەکانی تر چیتر لەو مافە یاساییە کە حیزبەکانی تر وەریدەگرن بێبەش نەبین، لەم ماوەیە هەندێ دۆستو برادەر یارمەتییان داوین‌و کرێی بارەگاکانمان دابنیکردووە لەگەڵ پارەی چەند پۆلیسێك کە پاسەوانی بارەگان، بۆمان دابینکراوە. هەندێکیان دەوامی فولیان پێدەکەین، هەندێکیشیان بەشێك لە پارەکە وەردەگرن‌و بەشەکەی تریش وەك تەبەروع دەگەڕێتەوە بۆ حیزب‌و بەشێوەیەکی زۆر شەفافانە بەکاری دێنین، خەڵکی موچەخۆری حیزبیشمان نییە.

زنار: ئەی سەبارەت بەبرادەرانی سلێمانی؟.

حاجی مەلا: بەڵێ، هەر ئەو یارمەتییەی پێشتر کە وەردەگیرا، کە رایان گرت دواتر کە کەرتبوونەکە درووستبوو بۆ ئەوانیان گەڕاندۆتەوە.

زنار۔ ئێوە وەکو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان کاردەکەن پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئێوە دەتوانن ئۆپۆزسیۆنێکی کارابن لە کاتێکدا زۆربەی کاتەکانتان ڕەنگە بەهۆی دولەت بوونەوە بەهەدەر بچێت؟.

حاجی مەلا: ئەمە ئێوە راتان کێشاینە ناو ئەو پرسیارو وەڵامانە ئەگەرنا ئێمە خۆمان بەو دوو لەتبوونەوە خەریك ناکەین، چونکە کۆنفڕانسمان بەستو سەرکردایەتییەکی تازە هەڵبژێردراوەو ئەم سەرکردایەتییە کاری خۆی دەکات. دەربارەی ئەوەی ئایا دەتوانن ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بن، دیارە بەپێی توانای خۆمان کاردەکەین‌و لەو شوێنەی کە بزانین خزمەت بە قەزیەی نەتەوایەتیمان‌و پرۆسە دیموکراتییەکەی دەگەیەنین هەڵوێستی خۆمانی تێدا دەردەبرین.

زنار: کاك حاجی ئەگەر هەر شتێکت مابێت؟.

حاجی مەلا: داوا لە دەسەڵاتی کوردستان دەکەم، بۆئەوەی کە چیتر سیاسەت بێزراو نەبێ لە بەرچاوی خەڵك‌و خەڵك لە کاری سیاسی دوورنەکەوێتەوە، پرۆسەی ژیانی حیزبایەتی‌و ئەو فرە حیزبییەی لە کوردستان هەیە بەپێی یاسا ڕێك بخرێتەوە. هەموو حیزبێك بەپێی یاسا ئەرك‌و مافەکانی دیاریبکرێ‌و چیتر ئەو پەراوێزخستنە نەمێنێ‌و دەست لە کاروباری حیزبەکان وەرنەدرێ‌و لەسەر هەڵوێستی سیاسیان بڕیاریان لەبەرامبەر وەرنەگیرێ.

**داوا لە دەسەڵاتی کوردستان دەکەم، بۆئەوەی کە چیتر سیاسەت بێزراو نەبێ لە بەرچاوی خەڵك‌و خەڵك لە کاری سیاسی دوورنەکەوێتەوە، پرۆسەی ژیانی حیزبایەتی‌و ئەو فرە حیزبییەی لە کوردستان هەیە بەپێی یاسا ڕێك بخرێتەوە**

# پێشبینیكاران بۆ ساڵی ٢٠٠٨ چی دەڵێن




**ئا: زنار**

بەرنامەی(هەفتە لە كاتژمێرێكدا) لە كەناڵی لوبنان، وا باوە كە میوانێك بانگێشت بكات، قسە لەسەر رووداوە سیاسییەكانی هەفتە بكاتو لێكۆڵینەوەی خۆی لەبارەوە بڵێ، بەڵام ئەمجارە پێشكەشكاری بەرنامە (جۆرج سەلیبی) كەسێكی هێنا، وەك خۆی دەبێژێ لە دەرەوەی سنوری زەمەنو كاتە، بەڵام لوبنانیەكان توشی سەرسوڕمان نەهاتن كە میوانێكی وەك(میشێل حایك) رووبكاتە شاشەی تەلەفزیۆنەكانیان، چونكە پێشتر كۆمەڵێ پێشبینی كردبوو، هەم راستیش دەرچوون، بۆیە لە بینینی سیاسەتمەدارەكان گرنگتر بوو بەلای بەرێوەیە بۆ ناشیرینكردنی فەرماندەی سوپا میشال سلێمان. پشێوی دەكەوێتە نێو شەقامەكانەوە. حزبوڵلای لوبنانی داوای ئاشكراكردنی سەرەداوەكانی مەسەلەیەكە كە رووبەڕووی كەسایەتیەكی دیاری ئەو حزبە دەبێتەوە.

بەڵام پێشبینیكاری میسری(محەمەد عەلی) وا دەبینێ كە: ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا رووبەڕووی كارەساتی سروشتی ڕووخێنەرانە دەبێتەوە، لە ٢٠٠٨دا زۆر وڵاتی جیهان داوای گواستنەوەی بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان دەكەن لە ئەمریكاوە بۆ سویسرا. هەندێ لە رێكخراوە مافپەروەرەكان داوای دادگاییكردنی سەرۆكی ئەمریكا دەكەن، لەسەر ئەو تاوانانەی لە

# دیموكراتەكان دەچنەوە كۆشكی سپیو ئێراق دابەش دەكەن بۆ چەند هەرێمێك

لوبنانیەكانەوە.

لە پێشبینیەكانی بۆ ساڵی ٢٠٠٨: هەندێ بارگرژی دەكەوێتە نێوان لوبنانو سوریاو ئیسرائیلەوە، زنجیرەی تیرۆركردنو تەقینەوە لە لوبنان بەردەوام دەبێ، گەرچی دەزگاكانی ئاسایش بەردەوام لە هەوڵی دیتنەوەی سەرەداوەكاندان، بەڵام كەمێكی ئاشكرا دەبن. لە ئاسمانی لوبناندا گەمە ئاگرییەكان دەدرەوشێتەوە، چونكە شادی دەگێڕن بەبۆنەی كردنی دەسەڵاتداری یەكەمی ئیسرائیلەوە. ئۆپۆزسیۆنی لوبنانی دەیانەوێ لە ناوەندی بەیروت كێشەیەك بنێنەوە. بەشێك لە دامەزراوە سەربازییەكانی لوبنان لێیدەدرێو پیلانێ ئەفغانستانو ئێراق، سوپای ئەمریكی ئەنجامیداوە. وا چاوەرێ دەكرێ كە لێدانی سوپای ئەمریكی لە ئێراق رووەو زیادبوون بچێ، پێشبینی ئەوەشی كردووە كە رەنگە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا چەشنی یەكێتی سۆڤێت رووەو پارچەبوون بڕوات.ناكۆكی لەنێوان رەوتی سەدرو حكومەتی ئێراقی بەرپا دەبێ. رووبەڕووبونەوەیەكی سیاسی لەنێوان ئەمریكاو روسیا روودەدات، هاوكات قەیرانیش لەنێوان چینو ئەمریكاو ژاپۆن دروست دەبێ.ئێران لە بواری پرۆگرامە ناوكییەكەیدا پێشكەوتنێكی باش بەدەست دێنێ، ئەحمەدی نەژاد زیاتر دەركەوتوو دەبێ.هەندێ لە سیاسەتەكانی بەشار ئەسەدی سەرۆكی سوریا سەركەوتن بەدەست دێنێو پەیوەندی نێوان سوریاو لوبنان ئاسایی دەبێتەوە.

پێشبینیكاری بەریتانی (مایكل ماكلیلان) پێشبینی ئەوەی كردووە كە: لە ٢٠٠٨ كاكدارێك یان تەنێكی ئاسمانی تا ئۆكتۆبەری ئەمساڵ دەكەوێتە سەر زەویو رەنگە ژمارەیەك مرۆڤو ئاژەڵ بكوژێ. ژمارەیەك لە شارەكانی ئەوروپا پشێوی بەخۆیانەوە دەبینن‌و قەیران روویان تێدەكات، وەك ئەوەی لە ٢٠٠٦ لە پاریس روویدا، ئەمەش لەنێوان شوباتو مارتدا روودەدات. جەنگی ناوخۆی ئێراق لە سەرەتای ئەمساڵ كۆتایی دێ، لەگەڵ پاشەكشەی سوپای ئەمریكا، دەسەڵاتی ئێراق دەچێتەوە دەست یەكێك لە دەسەڵاتدارە بەهێزەكان، كە ئەمەش لە ئۆكتۆبەری داهاتوودا دەبێ. واتە دەسەڵاتی نوری مالیكی نامێنێ. ئەم جەنگەی ئێراق درێژ دەبێتەوە بۆ ئێرانو سعودیە. ئەمریكا بەو شێوەیە لە ئێران دەدات، كە ماوەی ٢ رۆژ یان چوار مانگ دەخایەنێ، ئەویش پاش ئەوەی تاران دێتە ناوەوە بۆ یارمەتیدانی شیعە لە ئێراق، ئەویش بە لێدانی شارو گەڕەكە سوننیەكان بەهۆی فرۆكەوە. سەرۆكی فەلەستینی (مەحمود










عەباس) رووبەڕووی هەوڵی تیرۆرکردن دێتەوە، لە ئۆکتۆبەری داهاتوودا.
پێشبینیکاری مەغریبی( عەبدولعەزیز ئەلخیتابی)وا دەبینێ کە ئەمساڵ: ساڵێکی پڕ پشێوی دەبێ کە زۆربەی شارەکانی ئەوروپاو ئێراق‌و سعودیەو ئێران دەگرێتەوە. بومەلەرزەیەکی گەورە دەدات لەرۆژهەڵاتی ناوەراست‌و ژمارەیەکی زۆر قوربانی دەبێ. نرخی نەوت بەرزبونەوەیەکی باش بەخۆوە دەبینێ. ئەڵمانیاو بەریتانیاو ئیتالیا پشێوی بەخۆیانەوە دەبینن، وەك ئەوەی ٢٠٠٦ لە فەرەنسا ڕوویدا. رەنگە یەکێك لە خانەوادەی پادشایی بەریتانیا لە هێرشێکی تیرۆریستی یان تێکشکانی فرۆکەدا، لەناوبچێ. یانەیەکی شەوانەی ئەڵمانیا رووبەڕووی تەقینەوەیەکی تیرۆریستیانە دەبێتەوەو دەبێتە دووەم کارەسات لەماوەی چوار مانگدا. ئەمجارە دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا دەیبەنەوەو مەترسیش لەسەر ژیانی بۆش هەیە. ئەمساڵ بارانێکی نائاسایی دەبارێ‌و لافاو بەشێکی زۆری کیشوەری ئەوروپا دەگرێتەوە.
پێشبینیکاری فەرەنسی خاتوو( ئەمانوێل لۆمیۆ) ئارامتر قسە لەسەر ساڵی نوێ دەکات: مانگەکانی سەرەتای ساڵ، ریسوایی سیاسی‌و دارایی‌و پشێوی‌و دزیی‌و خۆپیشاندان باڵادەستە بەسەر جیهاندا، کە تا وەرزی هاوین بەردەوام دەبێ، بەدوای ئەودا سەقامگیری بەخۆوە دەبینێ. مانگەکانی ئەیلول‌و ئۆکتۆبەر(تشرینی یەکەم) لە چەند وڵاتێکدا جەنگی ناوخۆو ململانێ دەست پێدەکات زۆر لە سەرۆکەکان واز لە بەرپرسیارێتی دێنن‌و هەندێ لە حکومەتەکان دەروخێن. لە مانگی تشرینی دووەمەوە، جیهان هەناسەیەکی ئارام هەڵدەمژێ.
(حەسەن ئەلشارنی) کە ئێستا بە(نۆستراداموٚسی نوێ)ی ناودەبەن، پێش ١٠ ساڵ پێشبینی مردنی شازادە دایانای کرد، ئەمیش کۆمەڵێك پێشبینی هەیە: دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتوو دەبن‌و هەمان سیاسەتی کۆمارییەکان دەگرنەبەر لە ئەفغانستان‌و ئێراقدا. دیموکراتەکان ئێراق دابەش دەکەن بۆ سەر چەند هەرێمێك. دۆخی ئێراق هەروەك خۆی دەبێ‌و رۆژانە خوێن دەڕژێ، بەرپرسێکی پایەبڵندی ئێراق بەهۆی ناساغی تەندروستییەوە، ناتوانێ ئەرکە سیاسییەکانی جێبەجێ بکات. دۆخی ئەمنی ئێراق بەرەو خراپتر دەڕوات، جەنگی ملیشیاکان دەست پێدەکات، رەنگە یەکێك لە سەرکردە شیعیەکان تیرۆر بکرێ موقتەدا سەدر یان عەبدولعەزیز ئەلحەکیم. جارێکی دیکە (ئەحمەدی نەژاد) هەڵدەبژێردرێتەوە بۆ سەرۆك کۆماری ئێران، کە لەگەڵ دیموکراتەکانی ئەمریکادا لێکگەیشتنێك دەبینێتەوە. کورەی ئەتۆمی(بوشەهر) رەنگە دەستی تێکدەرانەی بگاتێ. خۆپیشاندانی گەورە لە میسر بەرپا دەبێ، لەگەڵ مردنی سەرۆکێکی عەرەبی. بومەلەرزەیەکی گەورە لە ئێران دەدات لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ. یەکێك لە سەرکردەکانی(حەماس)ی فەلەستینی دەکوژرێ‌و پشێوی گەورە روودەکاتە فەلەستین.
سەرچاوە: ئینتەرنێت





# زۆری تەڵاقو جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا

**ریپۆرتاژ: پەژارە مەمند صالح**

رۆژنییە گوێبیستی تەڵاقدانی چەندین ئافرەتو جیابوونەوەی چەندین ژنو پیاو نەبینو، ئامارەکانی دادگاکان باشترین شایەدی ئەم قسانەیە کە رۆژانە لە رۆژنامەکان ئامارەکانی رێژەی زەواجو تەلاق دەبیستین.
ئێمە دەپرسین ئایا ئەو هۆکارانەی وا لەژنو مێرد دەکەن جیاببنەوەچین. لەباری راستیشدا ئەو هۆکارەی لایەقی ئەوەیە جیاببنەوە؟ یاخود زۆربەی کوڕانو کچان کە بە ویستو مەیلی خۆیان دەچنە ژیانی هاوسەری. بەر لە زەماوەند بیروراگۆڕینەوەی وایان لەنێواندا هەبووە، ئەی بۆ ئێستا کە کار لەکار ترازاوە لێك جیادەبنەوە. ئایا ئەم دیاردەیە دەلالەت لە کاڵبوونەوەی پیرۆزیەتی خێزان دەکات لای تاکی کورد؟ یاخود چاولێکەریی‌و نا رۆشنبیریی خێزانە لە چۆنیەتی رووبەروبوونەوەی ئاریشەو تەنگو چەڵەمەکان؟ بەو مەبەستەش زنار چەندین خێزان کە دایكو باوك، بگرە منداڵەکانیش کە بەر ئەم پشکە کەوتوون لەم ریپۆرتاژەدا بەسەرکردۆتەوە.
"من لەبەر زۆری کێشە کەنەگونجاینو جگە لە تەلاق هیچ چارەسەریەکمان شك نەدەبردو بێچارە بووین هیچ خۆشەویستیەك لەنێوانماندا نەبوو کێشەشمان بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا هەبوو. من ئێستا لە ماڵ باوکمو خۆشم خۆم منداڵەکانم بەخێو دەکەم لە سەر مێردەکەشم واجبە مەسرفو بژێوی منداڵەکانم دابین بکات، لەگەڵ ئەوەشدا رووبەروی تانەو تەشەری خەڵکی دەبمەوە، بەڵام من ئەوەم پێباشترە لە ژیانکردن لەگەڵ مێردەکەم". ئەمە قسەی ئاوازی تەمەن (٢٨) ساڵ بوو کە پێنج ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەوە خاوەنی (٣)منداڵەو ئێستا لە گەڵ مێردەکەیدا نەماوەو جیابۆتەوە.
(نازدار)ی تەمەن (٢٥) ساڵیش کە دووساڵ بوو ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی منداڵێکەو مێردەکەی بەهۆی پەیوەندی ئەوینداری ژنەکەی لەگەڵ کوڕێکی دی داوای جیابوونەوەی لێکردووەو ئێستا تەڵاق دراوە گوتی "نایشارمەوە من کوڕێکم خۆشدەویستو یەکێك لە خزمەکانی بە مێردەکەمی گوتبوو. بەڵام من لەو پەیوەندیە پەشیمان نیمو کەس بە دوپیاو ناخنکێ، سەبارەت بە سکەکەشی دەڵێ" کاتێ کە هاوسەرەکەم زانی تەنها یەك مانگم مابوو منداڵەکەم ببێ، ئەویش ئەو ماوەیە راوەستا تا لە دایك بوو، بەڵام هێشتاش ئەو کورەی کە من لەپێناویدا وام لێهات لە بڕیاری خۆی پەشیمان نەبۆتەوەو دێتە داوام بەڵام جارێك نا، باوکیشم دەیگوت دەیکوژم، بەڵام من ئێستا هەتا دەستگیرانەکەم دێتە داوام من لەلای خوشکەکەمم".( ژیان)ی تەمەن سی ساڵیش کە (١٢)ساڵە چۆتە ژیانی هاوسەریەوەو مێردەکەی تەڵاقی داوە بەهۆی ئەوەی کە منداڵی نەدەبوو دەڵێ " من مێردەکەم شێتی منداڵ بوو، منیش منداڵم نەدەبوو بۆیە تەڵاقیدام.. چیبکەم من هەشت مانگ دوای شوکردنم بەردەوام لای دکتۆرو شێخو مەشایەخو پیاو چاکان بووم بەڵام منداڵم هەرنەبوو، دادگاش لەم مەسەلەیە ئاگادار بوو، سەرەنجام تەڵاقی دام".
هەندێك ئافرەت لەسەر شتی زۆر بێ بەهاو پوچ تەڵاق دەدەرێن وەکو(ح)ی تەمەن ٢٦ساڵ کە مێردەکەی لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی بەڵێنیان بەیەك دابوو کە هەرکەسێك ئەم بەڵێنە بشکێنێ سێ بەسێ تەڵاقی کەوتووە، بۆیە ئەویش بەڵێنەکەی شکاندبوو منی تەڵاقدا، کەسم نەبوو یارمەتیم بدات تا دادگای لێبگرم باوکم پیرەو تاقەتی نییەو براکانیشم خۆیان تێنەگەیاندم..!. هەندێ لەو کەسانەی کە زۆر زوو دەچنە ژیانی هاوسەریو خاوەنی ئەزمونو رۆشنبیرییەکی وانین بۆیە لە سادەترین کێشەدا پەنا دەبەنە بەر جیابوونەوە وەکو(م) کە لە تەمەنی (١٨) ساڵان ژنی هێناوەو تەمەنی هاوسەرەکەشی (١٦)ساڵان بوو لە درەوەی دادگا مارەبڕی دەکاتو لەم بارەیەوە دەڵێ" ئێمە بە رەزامەندی هەردووکمان لەلای مەلا لێکجیابووینەوە".. هەروەها دەڵێ من لە زۆرشتی هاوسەرکەم ناڕازی بووم کە ناکرێ لێرەدا باسی بکەم ئەو ئەوەندە پێداگری کرد دەیگوت حەقە مارەییشم ناوێ بەس بالێك جیاببینەوە. (خ)و(ك)ش هاوسەرەکانیان تەڵاقداوە بێ هیچ نەفەقەو بڕە مارەیی دەیانگوت" بۆ کێ خیانەتیان لێکردووین با ئەوان بژێویان بگرنە خۆ" وە(ك) تەمەن (٢٧)ساڵ کە تەمەنی هاوسەرێتی سێ ساڵ بوو گوتی"من بۆخۆم تەڵاقمداو حەقە مارەییەکەیشیم پێیدا هێنانی ژن ئەوەندە ئاسان نییە تا ژن تەڵاقبدرێ، بەڵام کە ژن باش نەبێ چی؟ من تەنیا دایكو دوو خوشكو برایەکی بچووکم لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو لەگەڵ هیچیان نەدەگونجا، من تەنیا کاسبکاری ماڵەوە بوو بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ماڵ جیاکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە من سەدان رێگەم لەگەڵ تاقیکردەوە کەچی بێفایدەبوو، دەیگوت نایەڵم یەك منداڵمان بێ تا لەو ماڵەدا بم، نەدەکرا دایکم بەجیبێ بهێڵم ناچار تەڵاقمدا".
(نیگار)ی تەمەن ٢٢ساڵیش خاوەن چیرۆکی کە هەشت مانگ بوو چوو بوو ژیانی هاوسەرەیەوەو خۆی داوای تەڵاقی کردووە دەڵێ" من خۆم داوای تەڵاقم لە مێردەکەم کردوو ئەگەر خۆڕاگرترین ئافرەتیش بایە دەقەیەك لەگەڵ مێردەکەم نەدەژیا.. سەرەتا پێش چوونە ژیانی هاوسەریەوە قسەم لەگەڵ کرد بەڵام ئەو وا خۆی دەنواند کە زۆر شەریفە، بەڵام بەداخەوە هەر لەیەکەم مانگی ژیانی هاوسەرێتیەوە، زۆر منی لای ماڵی خەزورم شکاندو تەنانەت داواکاریو هەڵوێستەکانی ئەوەندە سەیربوون هەرگیز نەدەچوون بە عەقڵدا، ئەو زۆر شێتگیر بوو نەدەگونجاین، کاتێ ماڵی باوکیشم بەمەیان زانی گوتیان تەڵاقی لێوەربگرە زەرەد لەنیوە بگەڕێتەوە باشترە".
خاڵێکی گرنگ ئەوەیە هێشتا بەهۆی راگەیاندنو تەکنەلۆژیای سەردەمو تێکەڵ بوونی دوو کولتوور ژیانی هاوسەرێتی لە قاڵبی جاراندا نەماوە کە هەمان ئیشیگەری ئەو رەوشەیە کە لە کوردستان باوە، زۆریو نامۆیی داواکاریەکانی(جنس)ی پیاوان بەرامبەر بە ژنانو یاخود بە پێچەوانەوەی لێکەوتەوە. بەدڵنیایشەوە ئەم دوو لایەنە (پیاوو ژن)لایەنێکیان ناسازو ناکۆك دەبێ. ئەمەش ئاریشەیەکی بەربلاوە هۆکارێکیشە بۆ جیابوونەوەو زۆری رێژەی تەڵاقدان. بۆ قوتاربوون لەم ئاریشەیە یاخود دەبێ ئیشبکرێ بۆ لەناوبردنی یان ئیشبکرێ بۆ



# باوكم گووتی تەڵاقی لێوەربگرە زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە

چوونە ژێرباری ژنو پیاو بۆ ئەم رەوشە. هەروەها فاكتەرێكی دیكەی ئەو ئاریشانە لایەنی ئابووریە كە ناكرێ فەراموش بكرێ لەم بارەیەوە چیرۆكی هەڵوەشاندنەوەی ئەو خێزانانەی كە فاكتەری ئابووری تێكی داون لە كوردستان بە هەزارانن وەكو (ن)دەڵێ" هاوسەرەكەم خۆشەویستم بوو، نیازم نەبوو بیگوازمەوە، تا كاسبیەكی باشم دەستنەكەوێتو ژیانی ئابووریم رێك نەخەم، بەڵام ماڵی دەزگیرانەكەم كردیانە هەراو گوتیان( یان دەبێ هەر ئێستا داوای كەی یان هەردووكتان دەكوژین..!)منیش بەناچار بە قەرزو قۆڵ چوومە خوازبێنیو گواستمەوە كە ئێستاش بۆ ساڵێك دەچێ هەر قەرزدارم. لەماوەی ئەم ساڵەدا هەر كاتێ هاوسەرەكەم چووبایە ماڵی باوكی، ئەوەندەیان هان دەدا كاتێ دەهاتەوە دەستی دەكرد بە بەزم..!چونكە پێیان دەگوت، ماڵی خۆت بكە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە خێزانێكی زۆر بووین پارەیەكی زۆریش قەرزدار بووین نەدەكرا ماڵی بۆ دابنێم.. ناچار خۆشمو هاوسەرەكەشم گەیشتینە ئەو بڕوایەی كە جیابوونەوە چارەسەرێكی باشە چاكبوو لەم ماوەیەدا هیچ منداڵمان نەبوو".

ئەوەی لەم نێوەندەدا زۆر زیانبارە ئەو منداڵانەن كە دوور لە دایك یان باوك پەروەردە دەبنو پاشماوەی خێزانە لێك هەڵوەشاوەكانن وەكو (ش)ی تەمەن دوو ساڵە كە لە باوەشی خوشكەكەیدا بو خوشكەكەی گووتی" شەوانە بۆمان ژیرنابێ تەنیا ئەو كاتەنە نەبێ كە وێنەی دایكی نیشان دەدەین". هەرچەندە زۆرێك لە منداڵەكان لای دایكی خۆیانن بەڵام ئەوە دەلالەت لە خۆشبەختی منداڵەكان ناكات سۆزی باوكیش كاریگەری دەروونی هەیە.. (ه)و(ڤ)ش ئەو دوو منداڵەن تەمەن (٤)ساڵانەن كە دایكو باوكیان لێكجیابوونەوەو باوكی چۆتە هەندەرانو دایكیشی شوو دەكاتەوە ساڵێك لای پووریان دەبن، دواتر لای نەنكیان، ئێستاش لای مامیان ئەویش بەشەرتی دۆلارو گەلای باوكی لە دەرەوە.

(س)ی تەمەن (١٧)ساڵان كە لای نەنكیەتیو دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ لەبەر جیابوونەوەی دایكو باوكی هەروەكو خۆی دەڵێ" كە جیابوونەوە ئێمە چووینە لای باوكم بەڵام ئەویش ژنی هێناو ناچار هاتینە لای نەنكمان، بەڵام لە خوێندنگەو گەڕەك مێشكیان بردبووین دەیانگوت" دایكت بۆ تەڵاقدراو باوكت بۆ ژنی هێنا...تاد" لەبەر ئەم جۆرە قسانە دەستم لە خوێندن هەڵگرت..

چیرۆكێكی زۆر خەمناك ئەویش هی(ف)ی تەمەن سێ ساڵانە لای باوكی كە دوومانگ بوو باوكو دایكی لێك جیاببوونەوە(ف) لەچكێكی وەكو ملپێچ لەملی ئاڵاندبوو، راستیەكەی نەمویست هەستی ئەو منداڵە بخەمە تەنگەژەی یادەورەیەكانیو باسی دایكو باوكی بكەم بەڵام پوورەكەی بۆی گێڕامەوە گوتی" رۆژێك لەناو جلوبەرگدا ئەم لەچكەی دۆزیەوە لە ملی خۆی كردووەو دەڵێ ﴿ كەی دایكم لەسەفەر هاتەوە دەیدەمەوە﴾ چونكە وادەزانێ دایكی لەسەفەرە رۆژنییە گوێبیستی تەڵاقدانی چەندین ئافرەتو جیابوونەوەی چەندین ژنو پیاو نەبینو، ئامارەكانی دادگاكان باشترین شایەدی ئەم قسانەیە كە رۆژانە لە رۆژنامەكان ئامارەكانی رێژەی زەواجو تەلاق دەبیستین.

ئێمە دەپرسین ئایا ئەو هۆكارانەی وا لەژنو مێرد دەكەن جیاببنەوەچین. لەباری راستیشدا ئەو هۆكارەی لایەقی ئەوەیە جیاببنەوە؟ یاخود زۆربەی كوڕانو كچان كە بە ویستو مەیلی خۆیان دەچنە ژیانی هاوسەری. بەر لە زەماوەند بیروراگۆڕینەوەی وایان لەنێواندا هەبووە، ئەی بۆ ئێستا كە كار لەكار ترازاوە لێك جیادەبنەوە. ئایا ئەم دیاردەیە دەلالەت لە كاڵبوونەوەی پیرۆزیەتی خێزان دەكات لای تاكی كورد؟ یاخود چاولێكەرییو نا رۆشنبیریی خێزانە لە چۆنیەتی رووبەروبوونەوەی ئاریشەو تەنگو چەڵەمەكان؟ بەو مەبەستەش زنار چەندین خێزان كە دایكو باوك، بگرە منداڵەكانیش كە بەر ئەم پشكە كەوتوون لەم ریپۆرتاژەدا بەسەركردۆتەوە.

"من لەبەر زۆری كێشە كەنەگونجاینو جگە لە تەلاق هیچ چارەسەریەكمان شك نەدەبردو بێچارە بووین هیچ خۆشەویستیەك لەنێوانماندا نەبوو كێشەشمان بەردەوام لەگەڵ یەكتریدا هەبوو. من ئێستا لە ماڵ باوكمو خۆشم خۆم منداڵەكانم بەخێو دەكەم لە سەر مێردەكەشم واجبە مەسرفو بژێوی منداڵەكانم دابین بكات، لەگەڵ

ئەوەشدا رووبەروی تانەو تەشەری خەلکی دەبمەوە، بەلاًم من ئەوەم پێباشترە لە ژیانکردن لەگەڵ مێردەکەم". ئەمە قسەی ئاوازی تەمەن (٢٨)ساڵ بوو کە پێنج ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەوە خاوەنی (٣)منداڵەو ئێستا لە گەڵ مێردەکەیدا نەماوەو جیابۆتەوە.

(نازدار)ی تەمەن (٢٥) ساڵیش کە دووساڵ بوو ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی منداڵێکەو مێردەکەی بەهۆی پەیوەندی ئەوینداری ژنەکەی لەگەڵ کوڕێکی دی داوای جیابوونەوەی لێکردووەو ئێستا تەڵاق دراوە گوتی "نایشارمەوە من کوڕێکم خۆشدەویستو یەکێك لە خزمەکانی بە مێردەکەمی گوتبوو. بەلاًم من لەو پەیوەندیە پەشیمان نیمو کەس بە دوپیاو ناخنکێ، سەبارەت بە سکەکەشی دەڵێ" کاتێ کە هاوسەرەکەم زانی تەنها یەك مانگم مابوو منداڵەکەم ببێ، ئەویش ئەو ماوەیە راوەستا تا لە دایك بوو، بەلاًم هێشتاش ئەو کورەی کە من لەپێناویدا وام لێهات لە بڕیاری خۆی پەشیمان نەبۆتەوەو دێتە داوام بەلاًم جارێك نا، باوکیشم دەیگوت دەیکوژم، بەلاًم من ئێستا هەتا دەستگیرانەکەم دێتە داوام من لەلای خوشکەکەمم".( ژیان)ی تەمەن سی ساڵیش کە (١٢)ساڵە چۆتە ژیانی هاوسەریەوەو مێردەکەی تەلاًقی داوە بەهۆی ئەوەی کە منداڵی نەدەبوو دەڵێ " من مێردەکەم شێتی منداڵ بوو، منیش منداڵم نەدەبوو بۆیە تەلاًقیدام.. چیبکەم من هەشت مانگ دوای شوکردنم بەردەوام لای دکتۆرو شێخو مەشایەخو پیاو چاکان بووم بەلاًم منداڵم هەرنەبوو، دادگاش لەم مەسەلەیە ئاگادار بوو، سەرەنجام تەلاًقی دام".

هەندێك ئافرەت لەسەر شتی زۆر بێ بەهاو پوچ تەلاًق دەدەرێن وەکو(ح)ی تەمەن ٢٦ساڵ کە مێردەکەی لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی بەڵێنیان بەیەك دابوو کە هەرکەسێك ئەم بەڵێنە بشکێنێ سێ بەسێ تەلاًقی کەوتووە، بۆیە ئەویش بەڵێنەکەی شکاندبوو منی تەلاًقدا، کەسم نەبوو یارمەتیم بدات تا دادگای لێبگرم باوکم پیرەو تاقەتی نییەو براکانیشم خۆیان تێنەگەیاندم..!. هەندێ لەو کەسانەی کە زۆر زوو دەچنە ژیانی هاوسەریو خاوەنی ئەزمونو رۆشنبیرییەکی وانین بۆیە لە سادەترین کێشەدا پەنا دەبەنە بەر جیابوونەوە وەکو(م) کە لە تەمەنی (١٨) ساڵان ژنی هێناوەو تەمەنی هاوسەرەکەشی (١٦)ساڵان بوو لە دەرەوەی دادگا مارەبڕی دەکاتو لەم بارەیەوە دەڵێ" ئێمە بە رەزامەندی هەردووکمان لەلای مەلا لێکجیابووینەوە".. هەروەها دەڵێ من لە زۆرشتی هاوسەرکەم ناڕازی بووم کە ناکرێ لێرەدا باسی بکەم ئەو ئەوندە پێداگری کرد دەیگوت حەقە مارەییشم ناوێ بەس بالێك جیاببینەوە. (خ)و(ك)ش هاوسەرەکانیان تەلاًقداوە بێ هیچ نەفەقەو بڕە مارەیی

## منداڵان قوربانی هەمیشەیی ناکۆکیو جیابوونەوەی دایكو باوك



دەیانگوت" بۆ کێ خیانەتیان لێکردووین با ئەوان بژێویان بگرنە خۆ" وە(ک) تەمەن (٢٧)ساڵ کە تەمەنی هاوسەرێتی سێ ساڵ بوو گوتی"من بۆخۆم تەڵاقمداو حەقە مارەییەکەیشیم پێیدا هێنانی ژن ئەوەندە ئاسان نییە تا ژن تەڵاقبدرێ، بەڵام کە ژن باش نەبێ چی؟ من تەنیا دایكو دوو خوشكو برایەکی بچووکم لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو لەگەڵ هیچیان نەدەگونجا، من تەنیا کاسبکاری ماڵەوە بوو بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ماڵ جیاکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە من سەدان رێگەم لەگەڵ تاقیکردەوە کەچی بێفایدەبوو، دەیگوت نایەڵم یەك منداڵمان ببێ تا لەو ماڵەدا بم، نەدەکرا دایکم بەجێبێ بهێڵم ناچار تەڵاقمدا".

(نیگار)ی تەمەن ٢٢ساڵیش خاوەن چیرۆکی کە هەشت مانگ بوو چوو بوو ژیانی هاوسەرەییەوەو خۆی داوای تەلاقی کردووە دەڵێ" من خۆم داوای تەڵاقم لە مێردەکەم کردوو ئەگەر خۆراگرترین ئافرەتیش بایە دەقەیەك لەگەڵ مێردەکەم نەدەژیا.. سەرەتا پێش چوونە ژیانی هاوسەریەوە قسەم لەگەڵ کرد بەڵام ئەو وا خۆی دەنواند کە زۆر شەریفە، بەڵام بەداخەوە هەر لەیەکەم مانگی ژیانی هاوسەرێتیەوە، زۆر منی لای ماڵی خەزورم شکاندو تەنانەت داواکاریو هەڵوێستەکانی ئەوەندە سەیربوون هەرگیز نەدەچوون بە عەقڵدا، ئەو زۆر شێتگیر بوو نەدەگونجاین، کاتێ ماڵی باوکیشم بەمەیان زانی گوتیان تەڵاقی لێوەربگرە زەرەد لەنیوە بگەڕێتەوە باشترە".

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە هێشتا بەهۆی راگەیاندنو تەکنەلۆژیای سەردەمو تێکەڵ بوونی دوو کولتوور ژیانی هاوسەرێتی لە قاڵبی جاراندا نەماوە کە هەمان ئیشیگەری ئەو رەوشەیە کە لە کوردستان باوە، زۆریو نامۆیی داواکاریەکانی(جنس)ی پیاوان بەرامبەر بە ژنانو یاخود بە پێچەوانەوەی لێکەوتەوە. بەدڵنیایشەوە ئەم دوو لایەنە (پیاوو ژن)لایەنێکیان ناسازو ناکۆك دەبێ. ئەمەش ئاریشەیەکی بەربلاوە هۆکارێکیشە بۆ جیابوونەوەو زۆری رێژەی تەڵاقدان. بۆ قوتاربوون لەم ئاریشەیە یاخود دەبێ ئیشبکرێ بۆ لەناوبردنی یان ئیشبکرێ بۆ چوونە ژێرباری ژنو پیاو بۆ ئەم رەوشە. هەروەها فاکتەرێکی دیکەی ئەو ئاریشانە لایەنی ئابوورییە کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ لەم بارەیەوە چیرۆکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو خێزانانەی کە فاکتەری ئابووری تێکی داون لە کوردستان بە هەزارانن وەکو (ن)دەڵێ" هاوسەرەکەم خۆشەویستم بوو، نیازم نەبوو بیگوازمەوە، تا کاسبیەکی باشم دەستنەکەوێتو ژیانی ئابووریم رێك نەخەم، بەڵام ماڵی دەزگیرانەکەم کردیانە هەراو گوتیان( یان دەبێ هەر ئێستا داوای کەی یان هەردووکتان دەکوژین..!)منیش بەناچار بە قەرزو قۆڵ چوومە خوازبێنیو گواستمەوە کە ئێستاش بۆ ساڵێك دەچێ هەر قەرزدارم. لەماوەی ئەم ساڵەدا هەر کاتێ هاوسەرەکەم چووبایە ماڵی باوکی، ئەوەندەیان هان دەدا کاتێ دەهاتەوە دەستی دەکرد بە بەزم..!چونکە پێیان دەگوت، ماڵی خۆت بکە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە خێزانێکی زۆر بووین پارەیەکی زۆریش قەرزدار بووین نەدەکرا ماڵی بۆ دابنێم.. ناچار خۆشمو هاوسەرەکەشم گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە جیابوونەوە چارەسەرێکی باشە چاکبوو لەم ماوەیەدا هیچ منداڵمان نەبوو".

ئەوەی لەم نێوەندەدا زۆر زیانبارە ئەو منداڵانەن کە دوور لە دایك یان باوك پەروەردە دەبنو پاشماوەی خێزانە لێك هەڵوەشاوەکانن وەکو (ش)ی تەمەن دوو ساڵە کە لە باوەشی خوشکەکەیدا بو خوشکەکەی گووتی" شەوانە بۆمان ژیرنابێ تەنیا ئەو کاتەنە نەبێ کە وێنەی دایکی نیشان دەدەین". هەرچەندە زۆرێك لە منداڵەکان لای دایکی خۆیانن بەڵام ئەوە دەلالەت لە خۆشبەختی منداڵەکان ناکات سۆزی باوکیش کاریگەری دەروونی هەیە.. (ه)و(ڤ)ش ئەو دوو منداڵەن تەمەن (٤)ساڵانەن کە دایكو باوکیان لێکجیابوونەوەوو باوکی چۆتە هەندەرانو دایکیشی شوو دەکاتەوە ساڵێك لای پووریان دەبن، دواتر لای نەنکیان، ئێستاش لای مامیان ئەویش بەشەرتی دۆلارو گەڵای باوکی لە دەرەوە.

(س)ی تەمەن (١٧)ساڵان کە لای نەنکیەتیو دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ لەبەر جیابوونەوەی دایكو باوکی هەروەکو خۆی دەڵێ" کە جیابوونەوە ئێمە چووینە لای باوکم بەڵام ئەویش ژنی هێناو ناچار هاتینە لای نەنکمان، بەڵام لە خوێندنگەو گەڕەك مێشکیان بردبووین دەیانگوت" دایکت بۆ تەڵاقدراو باوکت بۆ ژنی هێنا...تاد" لەبەر ئەم جۆرە قسانە دەستم لە خوێندن هەڵگرت..

چیرۆکێکی زۆر خەمناك ئەویش هی(ڤ)ی تەمەن سێ ساڵانە لای باوکی کە دوومانگ بوو باوكو دایکی لێك جیابوونەوە(ڤ) لەچکێکی وەکو ملپێچ لەملی ئاڵاندبوو، راستیەکەی نەمویست هەستی ئەو منداڵە بخەمە تەنگەژەی یادەوەریەکانیو باسی دایكو باوکی بکەم بەڵام پوورەکەی بۆی گێڕامەوە گوتی" رۆژێك لەناو جلوبەرگدا ئەم لەچکەی دۆزیەوە لە ملی خۆی کردووەو دەڵێ« کەی دایکم لەسەفەر هاتەوە دەیدەمەوە» چونکە وادەزانێ دایکی لەسەفەر.

**پوری ئەو منداڵە سێ ساڵیەی دایکی تەڵاقدراوە“لە جلوبەرگی دایکیدا ئەم لەچکەی دۆزیەوە لە ملی خۆی کردووەو دەڵێ کەدایکم لەسەفەر هاتەوە دەیدەمەوە چونکە وادەزانێ دایکی لەسەفەرە**

# شاناز محەمەد

# دوو ساڵ لەسەر یەك لە ڤیستڤاڵەکانی بەغدا خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرتووە




**دیداری: پەیامنێری سلێمانی**

**خاتوو شانازی هونەرمەند دەچووی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداد ساڵی (١٩٩٦- ١٩٩٧)ـە، ئێستاش مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیە بەشی شانۆ، لەزۆر شانۆگەری و دراما‌دا رۆڵی بیینوە، لەم دیدارەدا بۆ خوێنەرانی زنار دواندمان.**

زنار: ئێوە خێزانێکی هونەرمەندن، تۆ وەك شانۆکارو مامۆستا لە تیڤی هاوسەرەکەشت وەکو شێوەکار چۆن گوازرشت لە ژیانی هاوسەری و هەماهەنگی کارەکانتان دەکەن؟

شاناز محەمەد: بێگومان ئێمە هەردووکمان وەکو هونەرمەند، هونەرەکەمان جیاوازە.. ئەو شێوەکارو من شانۆکار.. بەڵام تارادەیەکی زۆر باش وەکو خێزان توانیومانە گونجاویەك لەنێوانماندا دروست بکەین، بەم شێوەیەی نە من رێگری ئەو بم لە کارەکانی و نە ئەویش بۆ هی من.. دەتوانم بڵێم هەردووکامان هاوکارو یارمەتیدەری یەکترین، بۆ ئەوەی لە کاری هونەریماندا سەرکەوتووبین.. بە تایبەتی ئەو وەکو شێوەکار دەتوانێ ئەگەر لە ماڵیشەوە بێ خۆی بە تەنها کاری خۆی بکات( ئیلتزاماتی) وەکو شانۆکارێك نییە، کە بەشداری شانۆ یا لەدرامایەکدا دەکات چونکە ئیشی دراما، یاخود شانۆ کات و پابەندبوونی زیاتری دەوێت، لەبەر ئەوەی ئیشەکەی ئەو قەت نەبۆتە هۆکارێك ئیشەکانی من دوا بکەوێت، یان ئیشەکانی ئەو بەهۆی منەوە دوابکەوێت. لەبەر ئەوە توانیومانە لێك تێگەیشتنێکی زۆر لە نێوانماندا هەبێ و یارمەتی یەکتری بدەین، بەتایبەتی ئەو کە هەندێجار من بەهۆی ئیشەکەمەوە دەرۆمە دەرەوەو شەو درەنگ دەگەرێمەوە، منداڵەکەش لە ماڵەوە لای ئەو بەجێدەهێڵم بۆیە ئەوەش نەبۆتە هۆکارێك کە من لە ئیشەکەم دوا بخات.. بەڵکو دەتوانم بڵێم بەتەبایی ژیانی هاوسەرێتیمان یارمەتی زۆری منی داوە، بۆ ئەوەی بتوانم لە کاری هونەریمدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم. سەرکەوتن و پێشکەوتنی خۆشم لەکارەکانم دەگەرێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەو زۆر یارمەتیدەرم بووەو



شاناز محەمەد لە کاتی نمایشی شانۆگەریدا

کار ئاسانی بۆ کردووم کە زۆر سوپاسی دەکەم. لە بەرامبەر ئەوەشدا کە من ئیشی هونەری دەکەم، توانیومە هاوسەنگیەك لەنێوان ئیش‌و کاری ماڵ‌و مافی خێزانی‌و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانیش دروست بکەم.

زنار: چۆن سەرجەم کارە هونەریەکانی خۆت هەڵدەسەنگێنی؟

شاناز محەمەد: من لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١ەوە پێش ئەوەی لە بەشی هونەرەجوانەکانی بەغداد وەربگیرێم، دەستمکردووە بەکاری هونەری لەو کاتەوە تا ئێستا کۆمەڵێك ئیشم کردووە بەتایبەتی لەبەشی شانۆدا، بۆ کاری دراماش، من لەم یەك دووساڵەی دواییدا ئیشم کردووە ئێستاش ئەوەی لە یادم بێ شانۆی( ماراساتی پیتەر فایسە) کە لەگەڵ دەرهێنەر (رزگار ئەمین)ئیشم تێدا کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەم ئیشم بوو، بەڵام توانیم تێیدا سەرکەوتووبم. لەبەشی (ئەکادیمی- بغداد)یش، لە چەندین میهرەجانی شانۆیی عێراقی‌و میهرەجانی (زانکۆ)دا کە چەندین مامۆستای خۆمان کە دکتۆرایان لەبەشی شانۆدا هەیە بەشدار بوون، توانیومە لەگەڵ ئەوانیشدا بەشداریەکی بەرچاوم هەبێ. هەر لە (ئەکادیمیای بەغداد) دوو ساڵ لەسەر یەك لە دوو میهرەجاندا یەك لەدوای یەك دوو سال لەسەر یەك خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرتووە.. ئەوکاتەی کە قوتابیش بووم لە بەغداد لەکاتی پشووەکاندا کاتێ دەگەڕامەوە، بەشداری کاری هونەریم دەکردوو لەگەڵ تیپەکاندا بۆ نموونە بەشداری شانۆی (دوژمنان) کە لە نووسینی " مەکسیم گورکی" بوو کرد، لەگەڵ تیپی (نینا) کە ئەوکاتە لەگەڵ ئیشی شانۆیی هەوڵمداوە کاری دەرهێنەریش بکەم. ساڵی ١٩٩٧و لە ٢٧/٣ی هەمان ساڵ کە یادی رۆژی جیهانی شانۆیە، ئیشێکی (حەرەکی) کە بۆماوەی چارەکێك بو ئەنجام دا بەناونیشانی (چاوەڕوانی تروسکەی ئەستێرەکان) لەگەڵ مامۆستای ئازیز(رێزان صالَح) کە لە دەرهێنانی هەردووکمان بوو. وەکو دەهێنەریش بۆ (ئەنفال)ئیشم کردووەو هۆنراوەیەکی (جەمال غەمبار) کە خوالێخۆشبوو ئازاد خانەقینی بە گۆرانی گوتوویەتی، دابەشمکرد بەسەر کۆمەڵێك قوتابی پەیمانگای هونەرەجوانەکان کە دابەشکردنی مۆسیقای لەلایەن مامۆستا عادل برایم بوو. هەروەها بۆ رێکخراوی ئاسودەش، دەربارەی رۆژی دژی توندوتیژی ئافرەتان بەناویشانی (سەمایەك لە ئازار) کە پێنج لەوحە بوو، ئەویش دەرهێنان‌و بیرۆکەی خۆم بوو. لەگەڵ (دوژمنی گەل)دا، وەکو ئەکتەر بەشداریم کرد کە لە دەرهینانی مامۆستا (مۆفەق)و لە نووسینی(هندریك ئەپسن)بوو. لە درامای گەردەلولیشدا لە هەردوو بەشەکەا بەشداریم کردووە، کە بەشی دووەمی هێشتا دانەبەزیوە کە ئینشاللە کاتێ دابەزێ خەڵك دەیبینێ. هەروەها لە (رابون)دا بەشداریم کردوو وەکو کەسێتی (ئاواز)رۆڵم بینی. لە (گوڵێك کاڵتر) ی دەرهێنانی (لوقمان غەریب) وەکو کەسایەتی (بەهار)بەشداریم کردووە. لە کورتە فیلمی (ئاوێنە)دا بەشداریم کردووە لە میهرەجانی (هەولێر)نیشاندراو ئەویش لە دەرهێنانی (خالێد حەمەلاو)بوو، لەگەڵ چەندین ئیشی رادیۆیشدا بەشداری زۆرم هەبووە.

زنار: تۆ هەم وەکو هونەرمەندێك هەم مامۆستایەك لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، ئاستی بزوتنەوەی هونەری دراما لە کوردستان چۆن دەبنی؟

شاناز محەمەد: هونەری(دراما) کە چەند ساڵێکە زۆر لە هونەرمەندان کاری تێدا دەکەن، بە هەموو کەم‌و کوڕیەکانیەوە، مەبەستم ئەو کاری درامیەی لە بواری هونەردا دەکرێ، من بەشتێکی باشی دادەنێم، هیچ ئیشێکیش نییە کەم‌و کوڕی تێدا نەبیت، بەڵام بەگشتی هەنگاوێکی باشە، با ئێمەش وەکو هەموو وڵات‌و گەلانی دی، ئیشی تەلەفزیۆنی‌و سینەمایی بکەین، با ئێمەش هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی بتوانین لەو بوارەدا گرنگی زیاتر بە خۆمان بدەین‌و هیچمان لەوان کەمتر نیە، کە نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستەش زۆربەی کەم‌و کوڕیەکان دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی (تەکنیکی) پێویست، کە ئەوە لەکاتی ئیشکردندا کێشە دروست دەکات.

لەلایەکی دی من کەم‌و کوڕی لەوەدا دەبینم کە بەداخەوە بەناوی هونەرەوە هەندێك شتی لاوەکی‌و بازاڕی‌و سەقەت دەکرێ کە زۆر لە هونەرەوە دوورە، بەڵکو کاریگەری (سلبی)هەیە لەسەر مێشکی منداڵ‌و گەنج.. مێشکی منداڵ‌و گەنجی تێکداوەو شێوازێکی زۆر سەقەتە، هی ئەوە نییە بڵاو بێتەوەو خەلکی بیبینێ. ئەم شێوازی ئیشکرنە سەقەتە، کاریگەری بۆسەر ئیشە باشەکانیش هەیە، من لەگەڵ ئەوەدانیم کە هەرکەس هەڵدەستی بۆ خۆی ئیشێك دەکات، کاری هونەریان کردووە بە منداڵ بازاڕی !. لە کوردستان کۆمەڵێك هونەرمەندی زۆر باشمان هەیە کە کاری زۆر باش دەکەن، چ لەبواری شانۆ یا لەدراما، مەرج نییە ئێمە کە ئیشی شانۆ دەکەین هەر دەبێ لە شانۆ بین، با هەوڵ بدەین ئیشی تەلەفزیۆنی‌و سینەماییشمان هەبێ.

زنار: ئەی تواناو شێوازی ئیشکردنیان جیاواز نییە؟

شاناز محەمەد: شێوازی ئیشکردنیان جیاوازی زۆرە، ئیشێك کە لەسەر شانۆ دەکرێت کە راستەوخۆ ئەکتەر دەوری خۆی نمایش دەکات قورسترە لەوەی کەلە تەلەفزیۆن دەکرێت. رادەی سەکەوتن‌و جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە ئیشە. بینەر زیاتر دەتوانێ بڕیاری لەسەر بدات چونکە بینەری شانۆ چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام بینەری درامایەك کە لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرێت، لە مەودایەکی فراوانترو زیاتردا خەڵك دەیبینێ، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە، کە هەوڵدان‌و بەردوامی هەیە.

زنار: لەگەل هەستکردنمان بە سلبیاتی ئەم بەرهەمە بازاڕیانە، هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

شاناز محەمەد: من هۆکارەکەی بۆ نەبوونی چاودێری هونەر دەگێڕمەوە کە پێویستە بەبێ بووونی مەرجی هونەری کەسەکان‌و ئامانجی هونەری بابەتەکە، رێگا بەم جۆرە ئیشانە نەدرێ بڵاوببنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە هیچ مەرجێکی هونەرییان تێدا نییەو بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری سلبی بۆسەر هونەری کوردی هەیە.

زنار: دوا پڕۆژەت چییە؟

شاناز محەمەد: پڕۆژە هەیە ئیشی تێدا بکەم، بەڵام هۆکاری تایبەتی‌و تەندروستی تا چەند مانگی دی ئەو مەجالەم پێنادات.

# کلێسای مۆرمۆنی لە ئەمریکاو دیاردەی فرەژنی

ئا :باوکی ژولیان

مۆرمۆنیەکان کێن؟ ئەوان تایفەیەکی مەسیحین (جۆزێف سمیس) لە ساڵی ١٨٣٠ لە نیویۆرک دایمەزراند، بەهۆی بیروڕاکانیان ئەو تایفەیە هەمیشە دوچاری راوەدوونان بوونەتەوە لە ئەمریکاو تا لە کۆتاییدا لە ویلایەتی (یۆتا) گیرسانەوە، بەرلەوەی ئەو ویلایەتە بخرێتە سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.. جۆزێف سمیس لە روانگەی مۆرمۆنیەکان بە پێغەمبەر حیساب دەکرێتو پێیان وایە وەحی بۆهاتووە کە شوێنی چەند قاڵبە ئاڵتونێکی پێگوتراوە، لەسەر ئەو قاڵبانە کتێبێك نووسراوە کە تەواوکەری ئینجیلەو (کتێب مۆرمۆن)لە کە لەلایەن کە سێکەوە نووسراوە ئەویش، خۆی بە پێغەمبەری مۆرمۆنیەکان دەزانیو کەسێکی عیبرانیە. ، ئەو تایفەفە بەهۆی بیروباوەڕی ئاینیانەوە، لە ساڵی (٦٠٠)ی پێش زاین راوەدونراونو ئەوانیش کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا باکوورو لەوێ نیشتەجێبوون. هەر بەو هۆیەوە کتێبەکەی کە لەسەر قاڵبە ئاڵتونیەکان نووسراوە شاردۆتەوە تا وەکو (جۆزێف سمیس) دوای چەندان سەدە بیدۆزێتەوە،. هەڵبەت ئەو تێکستانەی گوایە لەسەر ئەو قاڵبە ئاڵتوونیانە نووسراوە، ئەمڕۆ کتێبی مۆرمۆنیەکانی لێ پێك دێتو لەگەڵ ئینجیل بەسەرچاوەی سەرەکی یاسادانانی مۆرمۆنیەکان دەژمێردرێ.

جۆزێف سمیس کێیە؟ دامەزرێنەری راستەقینەی مۆرمۆنیەت کەلەسەر بنەمای زیندوکردنەوەی راسپاردە ئاینە کۆنەکان دایمەزراندووە، لەناویاندا (فرەژنی) کە لەلایەن یاسا دانەرانی ئەو کلێسایەوە رێگەی پێدراوە. (جۆزێف سمیس) بە یاوەرانی راگەیاندووە کە ئەو فرە ژنیە لەلایەن پێغەمبەرانی یەهود وەکو ( یەعقوب، ئیبراهیم)، پەیرەو کراوە هەروەکو لە ئینجیلدا هاتووە، تاکە رێگای رزگاربوونە، چەندە ژنی زۆرتری هەبێت، مرۆڤ لە رۆژی قیامەتدا ئەوەندە پلەو پایەی بەرز دەبێتەوە. هەربۆیە دەبینین کە (جۆزێف سمیس) لە سەرەتایترین سەرژمێریدا (٥٦)ژنی هەبووە، بەڵام وردترین سەرژمێری دەڵێت (٣٣)ژنی هەبووە (١١)ژن لەوانە لە رێگای گرێبەستی مەدەنیەوە مێردی دیکەشیان هەبووە، لەکاتێکدا ژنی(جۆزیف)یش بوون.

هەڵبەتە ئەم جۆرە ژنهێنانە لەلایەن مۆرمۆنیەکانەوە، ریگە پێدراوەو لەمەشدا پشت بە یاسا کۆنەکان دەبەستنو بە پێچەوانەی یاسا تازەکانی کلێسا دەجولێنەوە کە تەنها بواری یەك ژنی بە پیاو داوە. سەرەتا ئەو تایەفەیە بە نهێنی ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، بەڵام دواتر وردە وردە، لەسەر هەمووئاستەکانی کۆمەڵگە، ئەم جۆرە ژنهێنانەیان ئەنجام دەداو تەنانەت، ژنی مۆرمۆنی پێیوایە کە فرەژنی یاسایەکی خودایەو نابێت دژی بن. لە دیدی مۆرمۆنیەکانەوە ئەو فرە ژنیەی ئەوان ئەنجامی دەدەن ئامانجی پیرۆزی لە پشتەوەیە بۆ نموونە زۆر لە مۆرمۆنیە فرەژنەکان ئەو بێوەژنو ژنانە مارە دەکەنەوە کە کەسیان نییە بەخێویان بکات، بۆ ئەوەی نەبنە قوربانی فەسادیو کۆمەڵگە، هەروەها ئەوان بۆیە پەنا بۆ فرەژنی دەبەن تاکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان خانەوادەکان بەهێزبکەنو هەروەکو خۆیان دەڵێن کەمیان هەیە لەپێناو حەزو ئارەزوە سێکسیەکان فرەژنی دەکەن.

**پابەندبوون بە ئاڵای ئەمریکاوە**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئەهلی لە ئەمریکا، زۆربەی هەرێمەکان ناویان بوو بە ویلایەت (state) بۆ ئەوەی لە ژێر ئاڵای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کۆببنەوە، هەربۆیە کۆیلەو فرەژنی لەو ویلایەتانە بە کردەوەیەکی بەربەری دەژمێردرانو هەر ویلایەتێك ئەو دوو کردەوەیەی لێ ئەنجام درابایە نەدەبوایە بچێتە ژێر ئاڵای ئەمریکا، سەرباری ئەوەش کە ویلایەتی (یوتا) زۆر حەزی بەوە دەکرد بچێتە پاڵ ئەو یەکگرتنەوە، بەڵام پیاوانی کلێسای مۆرمۆنی بەرهەڵستی ئەو یاسایەیان دەکرد کە حکومەتی ئەمریکا بۆ رێگرتن لە فرەژنی دەریدەکرد. لە ساڵی ١٨٨٨دا جۆرج کانون کە ئەوکات سەرۆکایەتی کلێسای مۆرمۆنیەکانی دەکرد، لە وەڵامی ئەو یاسایانە گوتی(ئەگەر دژی فرەژنی بینو بەو یاسایانە رازیبین، ئەوا هەموو هیوایەك بۆ خۆشبەختیو نەمری هەریەك لە ژنو پیاو لەو ژیانەو لە ژیانی داهاتووشیاندا لەناودەچێت) ئەو دژایەتیکردنەی کلێسا ناوبراو بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو هاوکاریانەی لێ بېڕدرێت کە دەدرا بە کلێساکانی ئەمریکا تا ساڵی ١٨٩٦ چۆکیان داو تەسلیم بوونو (یوتا)ش بوو بە ویلایەتێکی ئەمریکی لەلایەکی دیکەوە ئەو مەسەلەیە ئەوەندە ئاسان نەبوو بەلای ئەو



وارین جیفز

AP



بەبڕوای مۆڕمۆنیەکان: مرۆڤ چەندە ژنی زۆرتری هەبێت،لە ڕۆژی قیامەتدا  ئەوەندە پلەو پایەی بەرز دەبێتەوە

کەسانەی کە خولیای فرەژنی بوون، هەر بۆیە تا ساڵی ١٩٠٤دەچوون لە مەکسیک ئەو ژنهێنانەیان بە شێوەیەکی مەدەنی تۆماردەکردوو زۆر لە مۆڕمۆنیەکان بە دزیەوە ژنیان دەهێنا بەڵام کە ئاشکرا دەبوون لە کلێسا دەردەکران و زیندانی دەکران.

لەسەردەمی ئێستاشماندا مۆرمۆنیە فێندەمێنتالیەکان خاوەن چەندین ژنن، لە باوەڕیان بەوەی کە فەرمانی خوا لەسەروی فەرمانی مرۆڤەوەیە، نە سەرۆکی کلێساو نە سەرۆکی دەوڵەت بۆی هەیە هەڵیوەشێنێتەوە، بەبیروڕای مۆرمۆنیەکان، ئەو فرەژنیە چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خانەوادەکان پتەوتر دەکات و هەموو گرفتەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگای فرەژنیەوە چارەسەر دەکرێن. بەپێی دواین سەرژمێری لە (یوتا) ئێستاش نزیکەی (٦٠)هەزار لەو فێندەمێنتالیانە فرەژنانە لە شاری (سۆڵت لیك سیتی) نیشتەجێین، جگە لە وانەی لە(کۆلۆرادۆ) دەژین و لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت ماڵپەڕی تایبەتیان هەیەو تیایدا بیروبۆچوون و ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە فرەژنیەکەیان دەخەنە ڕوو.

**وارین جیفز**

ئەو پیاوەی ناوی لەگەڵ (١٠)کەسی دیکەدا لە لیستێکدایە کە مەترسیدارترین پیاوی داواکراون لەلایەن ئەمریکاوە کە( ئوسامە بن لادن)یش لە خۆ دەگرێت. بەڵام تاوانی ناوبراو تیرۆرو ئیسلامی توندڕەو نییە، بەڵکو تۆمەتی (لاقەکردنی منداڵ و دزینی(٢٠٠) ملیۆن دۆلارو سەرۆکایەتی کردنی تایەفەیەکی فرەژنی)ـەو بڕی( ١٠٠)هەزار دۆلار خەڵات دانراوە بۆ گرتنی.. ناوبراو تەمەنی( ٥٠) ساڵەو چل ژنی هەیەو پەنجاو شەش منداڵی هەیە. دادوەری دادگای (یوتا) وارین جیفزی بە (سەرکردەی خودی تاوان) دەناسێنێت، سەرچاوەکان دەڵێن" ئەو ئیمپراتۆری ڕێکخراوێکەو سوێندی خواردووە بە زیندوویی نەیگرن لەو کۆمەڵگا نیشتەجێبووەی خۆی تێدا قایمکردووە کە (١٧٠٠) هیکتار دەبێت و کەوتۆتە شاری (ئەلدۆرادۆ)لە ویلایەتی تکساس". هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێن کە سوپایەك لە وەفادارانی پارێزگاری لێدەکەن. دانەری کتێبی (بەناوی فیردەوسی بەڵێندراو) جۆن کراکوێر دەڵێت" هیچ گومانم لەوە نییە کە خۆی دەکوژرێت و دەبێتە هۆی کوشتنی زۆرترین کەس لەبری ئەوەی بهێنرێتە بەردەم دادپەروەری، ئەو لەم بارەیەوە درۆناکات، هەرگیز قبوڵ ناکات ببدرێتە زیندان". وارین هاوشێوەی سەرکردەی پێشووی تایفەکەیان کە لە ساڵی ١٩٩٣ بەهەمان شێوە لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا بە دەستێکی پۆڵایین حوکمی ئەو تایفەیە دەکات کە ژمارەیان دەگاتە (١٠٠٠٠)دە هەزار مورید.

ژیانی رۆژانەی وارین بریتییە لە چەند یاسایەکی سەیرو سەمەرە لەوانە" قەدەغەکرنی پێکەنین و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و چالاکیەکانی وەکو تۆپی سەبەتەو مەلەوانی، ناچارکردنی کوڕان بەکاری قورس لە جیاتی چوونە قوتابخانە، دابڕینی کچانی تەمەن بچوك لە خێزانەکانیان و گواستنەوەیان بۆ پیاوانی لەخۆیان بە تەمەنتر و هەندێ جاریش لەوپیاوەی وەردەگرێتەوەو دەیدات بە پیاوێکی دیکە" (شێر تلایف) دادوەری دادگای یۆتا دەڵێت (موریدەکانی هەر لە منداڵیەوە رادەهێنێ کە ئەو حوکم بەسەر هەموو شتێکدا دەکات کە پەیوەندی بەوانەوە هەبێت، هەربۆیە ئەوەی لە قسەی دەربچێت یاخود لێی یاخی بێت یا واز لە تایەفەکەی بهێنێت سزایەکی زۆر توند دەدرێت". ئەو تایەفەی وارین سەرۆکایەتی دەکات، لقێکە لە کلێسای مۆڕمۆنی، هەرچەندە لە ساڵی ١٨٩٦ فرەژنی بە ئاشکرا قەدەغەکردووە، بەڵام هێشتا ئەو تایەفەیە کاری پێدەکەن. وارین دواکەوتوو موردی زۆری هەن جگە لەو کۆمەڵگایەی تێیدا نیشتەجێیە لەهەریەك لە شارەکانی کۆلۆرادۆ، واریز، هیلدرال، یوتاو تەنانەت لەشاری رسێش کۆلۆمبیای کە نەدیش. بەڵام هەوڵەکانی پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی ئەو داواکراوە بە ئاکام گەیشت، کاتێك کە وارین لەگەڵ یەکێك لە ژنەکانی و برایەکیدا بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لە ویلایەتی ئەریزۆنا دەستگیرکراو درایە دەست دادوەریەوە، بەمەش کۆتایی بەو دۆسیەی ناوبراویش هات، شایانی باسە پۆلیسی ئەمریکایی ترسی ئەوەی هەبوو ناوبراو کە لەگەڵ کۆمەڵێك لە موریدەکانی خۆی پەنا دابو هەمان کارەساتی تایەفەکەی تیکساسی ساڵی ١٩٩٣ رووبداتەوە کاتێك لە رووبەڕووبونەوەی ئەو تایەفەدا ٨٠ کەس بوونە قوربانی، بەڵام وا پێدەچێت بە شێوەیەك لە شێوەکان وارین لە پەناگەکەی دەرچوو بێت و لە ویلایەتی خۆی دوور کەوتبێتەوەو لە ویلایەتی ئەریزۆنا کەوتبێتە کەمینی پۆلیسەوە.

سەرچاوە: چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت

جۆزێف سمیس دامەزرێنەری کلێسای مۆڕمۆنی



# راگەیاندنی كوردی و
# " سوكایەتی بە وشەی رۆشنبیر"

## كاریگەری رەخنە لە بیّ بەزەییبوونیدایە نەك شتێكی دی
## " گرامشی "



غەفور هیرانی

دەمێكە لە خولیای ئەوەدام، كە شتێك لەسەر ئەو دیاردە بێتامو نا بەرپرسیارانە بنووسم كە ەنوكە راگەیاندنی كوردی بە هەموو بەشی بینراو بیستراوو نووسراوی گرتۆتەوە.. ئەویش ناونانی "رۆشنبیر، رۆژنامەنووس"ە، كە لە دیدارە رووبەرووەكانیداو لە ژێرەوەی شاشە تەلەفزیۆن یان تایڵی لاپەڕەكەدا بە ئێمەی دەناسێنیّ..!. هەڵبەتە ئەم دیاردە ناشیرینەی راگەیاندنەكانمان، هۆكارێكی بەهێزە بۆ لە دایك بوونی جەیشێكی گەورەی( زڕە بیریارو رۆشنبیرو رۆژنامەنووس...)، ئەم هەنگاوەی راگەیاندنەكان ئەگەرچی زۆربەیان بۆ رێزگرتنی میوانەكانیان ئەو كارەدەكەن بیّ ئەوەی میوانی بەرنامەكە ئاگاداربیّ، بەلاّم پییان خۆش بیّ یان نا، ئەمە ئەوپەڕی جاهیلیو بێموبالاتی ئەو كەناڵە دەردەخات لەبەرامبەر (ناو)ەكاندا، چونكە كاری تەلەفزیۆنو رۆژنامەكان نییە وشەی(رۆشنبیر)بكەنە میداڵیكو بیدەن لە بەرۆكی ئەوانەی كە میوانی دیدارەكەیان دەبن، بەڵكو ئەوە پرۆسەیەكی خۆبەخۆیەو بە شێنەییو لە هزری مرۆڤدا گەشە دەكات بیّ ئەوەی راگەیاندن رووناكی بخاتە سەرو لای هەمووان دەناسرێت.. هەڵبەتە، ئەم مۆدێلە بەناو رۆشنبریەی ئێستا، هەێندەی دی واقعەكەی بۆگەن كردووە، راگەیاندنیش زیاتر لە خزمەتی بۆگەنكردنی دایە. بێگومان كاتیّ من باس لە وەها دیاردەیەك دەكەم، گومانی تێدا نییە كە لە ئەزموونی خۆمدا لە چەند ساڵی رابردوولەوەیە تووشی غەڵەتی لەو جۆرە بوو بمەوە، بەلاّم باوەڕتان هەبیّ، ئەم دیاردەیە ئەوەندە بێتام بووە، كە قێز لەو وشەیە دەكەیەوە.. هاوڕێیەكم بۆی گێڕامەوە، لە یەكیّ لە تەلەفزیۆنەكان لە كوردستان بانگی چەند گەنجێك كرابوو تا قسە لەسەر رەوشی گەنج بكەن، كەچی ئەوەی زۆر سەیربوو ئەو گەنجانە نەك هەر نەیانتوانی قسەی مەنتقی لەسەر واقعی خۆیان بكەن، بەڵكو یەكێكیان كە لە ژێرەوەی شاشەكە بۆیان نووسی بوو (رۆشنبیر) گوتبووی" كاكە گەنجی ئێستا پارەی پێنیە پسكوێتێك بكڕیّ ئەمە كەی حاڵە"!، جا وەرە دڵت نەتەقیّ لە خەفەتان، هەموو كێشەی گەنج لە پسكویت دا خڕ بكەیەوەو بەناویش لە ریزی ڤۆڵتێریان دانابی!. بێگومان بە پێی ئەزموونی خۆم كە بەشداری هەندێك بەرنامەی راستەوخۆی تەلەفزیۆنیم كردووە، پێموانییە لە هیچ شوێنێك رێگەم دابێت، جگە لەو بوارەی كە كاری تێدادەكەم هیچ ناوێكی دی لیّ بنێن، چونكە ئەمە غەدرێكی گەورەیە لە رۆشنبیرانو دانایانی ئەم جیهانەی دەكەین.. گوناهە، گوناهە لەبەر ئەوەی ئەوان ژیانی خۆیان لە پشتی دیوانو كتێبو ئەو میراتە فەلسەفیە بردۆتە سەر كە چەندین هەزار ساڵە كەڵەكە بووە، كەچی هەندێك دێن دوای خوێندنەوەی كتێبێكی سەقەت هەمان ناو بۆخۆی دادەنیّ.. رۆشنبیر لەدنیای عەولەمەدا گەلێك پرسیاری تازەی لەسەرە، پێگەو ناونیشانی رۆشنبیران ئێستا هەر بەوە نییە، قاتو ریباتو چەند كتێبێكی سارتەرت بەدەستەوەبێتو شەوانە لە نادی ویسكی بۆخۆیەوە، بەڵكو رۆشنبیر ئێستا تەواو ئەو كائینە زیندوو وشیارەیە، كە زەخیرەیەكی گەورەی میراتی مەعریفیو بە هەموو لقەكانیەوە لەناو مێشكیدا حەشارداوە.. نەك ئەو هەوڵە نەزانانەی كە هەندێك راگەیاندن بەداخەوە هێندەی دی بۆ رەوایەتدان بە هەڵمەتی سوكایەتی كردن بە رۆشنبیران خستویانەتەگەڕ، كە بێگومان پێویستە ئەمە بە یاسا لە راگەیاندنو میدیا قەدەغەبكرێتو هەركەسێك ئەم كارە بكات رووبەروی یاسا بكرێتەوە، تا " رێزیش بۆ رۆشنبیران بگەڕیتەوە"، ئەم رەخنانە پێویستە توندترو بیّ بەزەیانەتر بن، چونكە، زۆركەسمان دیت لە راگەیاندن وەكو رۆشنبیر پێناسەكرانو دواتر كەسانی وایان لێدەرچوو مرۆڤ شەرم دەكات بیڵیّ..!.